# پەیوەندیی ئەییووبییەکان لەگەڵ هێزە مەسیحیەکانی ڕۆژهەڵات

**پ.د.ئاراس فەریق زەینەڵ*** **نهاد جلال حبيب الله****

وشە کلیلییەکان: ئەییووبییەکان، مەسیحییەکان، جۆرجیا، ئەرمینیا، بیزەنتینییەکان، خاچپەرستان.
https://doi.org/10.31271/jopss.10074

**پوختە**

ئەیوبیەکان بنەماڵەیەکی کورد بوون کە لە سەردەمی عەباسیدا دەسەڵاتی زاڵیان هەبوو، و بۆ قۆناغێکی مێژوویی بەشێکی بەرفراوانی جیهانی ئیسلامیان کۆنترۆڵ کرد و لە هەمان کاتدا نوێنەرایەتی بەشێکی زۆر لە پەیوەندییەکانی نێوان جیهانی ئیسلامی و جیهانی دەرەوەیان دەکرد. لەم ڕووەوە پەیوەندییان لەگەڵ جیهانی مەسیحی و زلهێزەکانی دراوسێشدا هەبووە، لەوانەش پەیوەندییان لەگەڵ شانشینی مەسیحی جۆرجیا و شانشینی ئەرمینیای بچووک. زۆرێک لە پەیوەندییەکانی نێوان ئەیوبیەکان و ئەو دوو شانشینە زۆرجار لە شێوەی ڕووبەڕووبوونەوە و ململانێدا بوو، هەرچەندە لە هەندێک کاتدا پەیوەندی دۆستانە دروست دەبوو، بەڵام زۆری نەدەخایاند بە هۆی هەوڵ و کاریگەریی زلهێزەکانی دەوروبەرەوە دەگەڕایەوە بۆ دۆخی ململانێ. پەیوەندی نێوان ئەیوبیەکان و بیزەنتینەکان لە زۆر حاڵەتدا دۆستانە بوو، چونکە هەردوولا دوژمنێکی هاوبەشیان هەبوو، ئەویش خاچپەرستان بوو، ئاڵوگۆڕی دیارییان دەکرد و پیرۆزبایی سەرکەوتنەکانیان لە یەکتر دەکرد، هەروەها ڕێزگرتنی ئایینی یەکێک بوو لە تایبەتمەندییە جیاکەرەوەکانی پەیوەندییەکانی نێوانیان، بەڵام هەندێک جار بیزەنتینییەکان لە ژێر فشاری خاچپەرستاندا ناچار بوون هەنگاو دژی ئەیوبیەکان بنێن.

الملخص

علاقة الأيوبيين بالقوى المسيحية الشرقية

الأيوبيون كانوا عائلة كردية ذات سلطة سائدة زمنَ العصر العباسي، وقد أخذوا أزمَّة جزء واسع من العالم الإسلامي لفترة تاريخية، وفي ذات الوقت كانوا يمثلون جزءا كبيرا من علاقات العالم الإسلامي و

* پرۆفیسۆر / بەشی مێژوو/ کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان/ زانکۆی سلێمانی arass.zainel@univsul.edu.iq

** خوێندکاری ماستەر/ بەشی مێژوو/ کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان/ زانکۆی سلێمانی nihad.jalal@gmail.com

العالم الخارجي. وفي هذا المقام، كانت لديهم علاقات مع القوى المسيحية العالمية والمجاورة أيضا، بما في ذلك علاقات مع مملكة جورجيا المسيحية و مملكة أرمينيا الصغرى. كثير من العلاقات ما بين الأيوبيين و المملكتين كانت في شكل المواجهة و الصراع غالبا، على الرغم من أن العلاقات الودية كانت تسود بعض الأحيان، ولكن سرعان ما كانت تعود إلى طور الصراع بسبب محاولات و تأثير القوى المحيطة. كانت العلاقات بين الأيوبيين والبيزنطيين ودية في الكثير من الأحيان لأن كلا الجانبين كان لهما عدو مشترك، الصليبيون، وكان بينهم تبادل هدايا و تهنئة بالانتصارات بعضهم لبعض، والاحترام الديني كان من السمات المميزة لعلاقاتهم، ولكن في بعض الأحيان كان البيزنطيون يضطرون إلى خطو خطوات ضد الأيوبيين تحت ضغط الصليبيين.

**Abstract**

**The relationship of the Ayyubids with the eastern Christian forces**

The Ayyubids were a dominant Kurdish family during the Abbasid era. They took control of the affairs of the Islamic world for a historical period, including the affairs of relations between the Islamic world and the Christian world. Meanwhile, they had relations with the Christian powers of the world and their neighbors, including relations with the Christian kingdoms of Georgia and Armenia. Many of the relations between the Ayyubids and the two kingdoms were often based on confrontation and conflict, although friendly relations prevailed at times, but soon the relations returned to conflict due to the influence of the forces surrounding them. The relations between the Ayyubids and the Byzantines were often cordial because both sides had a common enemy, the Crusaders, and the exchange of gifts and congratulations on each other's victories and religious respect among themselves were the distinguishing features of their relations, but sometimes the Byzantines were forced to take steps against the Ayyubids under Crusaders pressure.

## پێشەکی

هاتنی ئەییووبییەکان و دەرکەوتنیان لەنێو جیهانی ئیسلامی، سەردەمی گۆڕانکاری گەورە و ململانێی سەختی نێوان هێزە گەورەکان بوو، ئەوکات جڵەوی ململانێکە لە جیهانی ئیسلامیدا لەدەست ئەییووبییەکاندا بوو، بۆیە بەریەککەوتنی سەختی نێوان خاچ دروشمەکان و ئەییووبییەکان بە درێژایی ئەو ماوەیە بەرچاوە.

لە پەنا خاچ دروشمەکاندا چەند هێزێکی دیکەی مەسیحی لە ناوچەکەدا هەبوون، لەنێویشیاندا ئیمپراتۆریەتی بیزەنتی کە تا ئاستێکی زۆر نوێنەرایەتی مەسیحیەتی ڕۆژهەڵاتی دەکرد، هەروەها شانشینەکانی جۆرجیا و ئەرمینیای بچووك، هەرچی شانشینی جۆرجیایە لەرووی جوگرافییەوە لەچاو شانشینەکەی دی دوورتر بوو لە مەڵبەندی دەسەڵاتی ئەییووبییەکان کە ئەوکات لە شام بوو، بەڵام هاوسنوور بوو لەگەڵیاندا، بەڵام هێزە گەورەو بەرچاوە مەسیحیەکەی ڕۆژهەڵات بریتی بوو لە ئیمپراتۆریەتی بیزەنتی کە ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی هەبوو لەسەر سیاسەت و پەیوەندییەکانی ئەییووبییەکان.

سەختی ململانێی جیهانی مەسیحی و جیهانی ئیسلامی لەو ماوەدا ڕەنگدانەوەی هەبوو لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان ئەییووبییەکان و ئەو هێزە مەسیحیانە کە زۆربەی کات ئاڵۆزی باڵی دەکێشا بەسەر پەیوەندییەکانی نێوانیاندا، بەڵام ململانێ نێوخۆییەکانی هەردوولایش هۆکار بوون بۆ ئەوەی هەندێ جار دەستهەڵگرن لە کێشمەکێشی نێوانیان.

ئەم توێژینەوە لە چوار تەوەر پێکهاتووەبەم شێوەیە:

تەوەری یەکەم بۆ ناساندنی چوار هێزەکەیە.

تەوەری دووەم تایبەتە بە پەیوەندی نێوان ئەییووبی و جۆرجییەکان.

تەوەری سێیەم باس لە پەیوەندییە نێوان ئەییووبییەکان و ئەرمینیای بچووك دەکان.

تەوەری چوارەم بۆ قسەکردنە لەسەر پەیوەندی نێوان ئەییووبی و بیزەنتییەکان.

## تەوەری یەکەم: ناساندنی هێزەکان

### یەکەم: شانشینی جۆرجیا

جۆرجیا دەکەوێتە ناوچەی قەفقاس لە باکووری ڕۆژئاوای کیشوەری ئاسیاوە، بەم چەشنە لاپاڵەکانی باشووری ڕۆژئاوای شاخەکانی قەفقاسی گەورە لەخۆدەگرێت،[١] لە دیارترین شارو ناوچەکانی جۆرجیا بریتی بوون لە (تفليس، قرص، سوخوم، باطووم).[٢]

جۆرجیەکان لە ڕووی نەژادەوە دەچنەوە سەر هەمان بنەڕەت کە ئەرمینیەکانی لێوە هاتوون و لە ڕەگەزی ئاری هیندۆ ئەورووپین،[٣] دەوترێت ئەوان و چەرکەسەکانیش لە ڕەگەزی سپین،[٤] ئیبن ئەسیر[٥] جۆرجیەکان و خەزەرەکان بە یەك شت ناو دەهێنێت،[٦] ئیبن خەلدوون[٧] پێی وا نیە ئەوە ڕاست بێت، بەڵام ئەگەری ئەوە دادەنێت کە جۆرجیەکان بەشێك بن لە خەزەرەکان،[٨] قەلقەشەندی[٩] لەگەڵ کورددا بە یەك ڕەچەڵەك هەژماریان دەکات.[١٠]

لە ڕووی سیاسیەوە هەر لە دێر زەمانەوە هەتا سەردەمی فتووحاتی ئیسلامی بەشێك بوو لە ئەرمینیای گەورە،[١١] ماوەی چەند سەدەیەك لە ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانیدا بوو، ماوەیەکیش بەشێك لەو وڵاتە لەژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی ساسانیدا بوو، لە سەردەمی ڕاشیدینەوە کە فتووحاتی ئیسلامی دەستپێکرد، ئەو ناوچانە خرانە نێو بازنەی دەسەڵاتی خیلافەتی ئیسلامیەوە،[١٢] بەڵکو

---

١ - فتحي سالم حميدى اللهيبي: مملكة ارمينيا الصغرى، ط١، عمان، دار غيداء، ٢٠١٩م، ص ٢٦-٢٧.

٢ - زياد علاءالدين محمود قداوي: الأوضاع السياسية في بلاد القفقاس في القرنين ٦-٧هـ ط١، عمان، دار غيداء، ٢٠٢٠م، ص ٣٣-٣٤.

٣ - ن،م، ص ٤٣.

٤ - يوسف عزت باشا: تاريخ القوقاز، ت: عبدالحميد غالب بك، القاهرة، مطبعة عيسى البابي الحلبي و شركاؤه، ١٩٣٣م، ص ٢٨.

٥- ناوی عەلی کوڕی موحەممەدەو بە ئیبن ئەسیر ناسراوەو مێژوونووسێکی هاوسەردەمی ئەییووبییەکان بووەو خاوەنی چەند کتێبێکە، لەوانە (الكامل في التاريخ) و (أسد الغابه). بڕوانە: ابن العماد الحنبلي: شذرات الذهب في أخبار من ذهب، تح: محمود الأرناؤوط، ط١، بيروت، دار ابن كثير، ١٩٨٦م، ج١، ص ٥٢.

٦ - البداية و النهاية، ت: عبد الله بن عبد المحسن التركي، ط١، دار هجر، ١٩٩٧م، ج٨/ ص ٦٥٢.

٧- ناوی عەبدوڕەحمانی کوڕی موحەممەدەو بە ئیبن خەلدوون ناسراوە، لە توونس لەدایکبووەو کتێبێکی بەناوبانگی لە بواری مێژوودا نووسیوە، هاوکات لەناو دەوڵەتدا پۆستی وەرگرتووەو ئاگاداری ڕووداوەکان بووە، لە ساڵی ٨٠٨ ك. کۆچی دوایی کردووە. بڕوانە: ابن العماد الحنبلي: م.س، ج٩، ص ١١٤.

٨ - ديوان المبتدأ والخبر في تاريخ العرب والبربر، تحقيق: خليل شحادة، ط٢، بيروت، دار الفكر، ١٩٨٨، ج٥/ ص ٥٨.

٩- ناوی ئەحمەدی کوڕی عەلییە و لە قاهیرە نیشتەجێ بووەو لە دەوڵەتیشدا دەسەڵاتدار بووەو چەند نووسینێکی هەیە، لەوانەش (صبح الأعشى في معرفة الإنشا)، لە ساڵی ٨٢١ کۆچی وەفاتی کردووە. بڕوانە ابن العماد الحنبلي: م.س، ج٩، ص ٢١٨-٢١٩.

١٠ -قلائد الجمان في التعريف بقبائل عرب الزمان، دار الكتاب المصري، ط٢، ١٩٨٢م، ص ٣١.

١١ - البلاذري: فتوح البلدان، بيروت، دار ومكتبة الهلال، ١٩٨٨م، ص ١٩٣.

١٢ - يوسف عزت باشا: م.س، ص ٣٣-٣٥.

بەردەوام سەرانەیان لێ وەردەگیرا،[١٣] بەڵام لە نیوەی دووەمی سەدەی سێیەمی کۆچیەوە بەرەبەرە رووەو سەربەخۆبوون هەنگاوی نا.[١٤]

بنەماڵەی دەسەڵاتداری نێو جۆرجیا و ئەرمینیاش پەیوەندییەکی بەهێزیان هەبوو، بۆیە بەردەوام هاوپەیمانی نێوان ئەو دوو دەسەڵاتە مەسیحیە لە ماوە مێژووییە جیاجیاکاندا بەدیدەکرا، هاوکات لەلایەن هەردوو دەسەڵاتی گەورەی خیلافەتی عەبباسی و ئیمپراتۆریەتی بیزەنتیشەوە دان نرا بە دەسەڵاتیاندا، بەڵام دواتر جۆرجیەکان تەمایەکی زیاتریان پەیداکرد و چاویان لەسەر هەندێ ناوچەی ئەرمینیا بوو، دواجار ململانێکانیان پەلیان کێشا بۆ سەربەخۆیی تەواوەتی جۆرجیەکان لە کۆتاییەکانی سەدەی چوارەمی کۆچیدا، دوای ئەو سەربەخۆبوونە، زۆری نەخایاند جارێکی دی هاوپەیمانی نێوان جۆرجیەکان و ئەرمەنەکان دەستپێیکردەوە، بەڵام ئەمجار لە ئاستی دوو دەسەڵاتی جیاواز و سەربەخۆدا، بەشێکی ئەو هاوپەیمانیەش دژ بە میرنشینە کوردییەکان بوو، وەك ئەو هاوپەیمانیانەی نێوانیان کە دژ بە شەدادیەکان بەستیان.[١٥]

سەبارەت بە ئایینی جۆرجییەکان، ئەوا بە مەسیحی هەژمار کراون،[١٦] بەڵام لە سەرتاوە بتپەرست بوون، لەگەڵ دەرکەوتنی ئایینی مەسیحیەتدا خێرا باوەشیان بۆ ئەو ئایینە کردەوەو وابەستەی ئایینی نوێ بوون، هەرچەندە ئیمپراتۆریەتی فارسی هێز و زەبری بەکارهێنا هەتا واز لە مەسیحیەت بهێنن، بەڵام ئەوان دەستبەرداری ئەو ئایینە نەبوون، مەزهەبەکەشیان کاسۆلیکی بوو و سەر بە کڵێسای بیزەنتی بوون.[١٧]

**دووەم: شانشینی ئەرمینیای بچووك**

بە هۆی هەریەك لە سیاسەتی بیزەنتییە مەسیحییەکان و هێرشی سەلجووقیە موسڵمانەکان بۆ سەر ئەرمینیا، ئەرمەنەکان رووەو شام کۆچیان کرد و لە ناوچەکانی دەوروبەری روها و ئەنتاکیە نیشتەجێ بوون، لەوێ هەندێکیان خاوەن قەڵەمڕەوی سەربەخۆ بوون و بەشێکیشیان لەژێر رکێفی سەلجووقییەکاندا فەرمانڕەواییان دەکرد.[١٨]

ئەو شەپۆلی کۆچەی ئەرمەنەکان رووەو شام بە سێ قۆناغی سەرەکی روویدا:

قۆناغی یەکەم کەمینەیەکی ئەرمەنەکان بوون کە نزیکەی پەنجا خێزان دەبوون.[١٩]

قۆناغی دووەم لە ژێر کاریگەری فشاری بیزەنتییەکاندا بەشێك لە ئەرمەنەکان ناچار بە کۆچ

---

١٣- اليعقوبي: البلدان، ط١، بيروت، دار الكتب العلمية، ١٤٢٢هـ ص ٨٤.

١٤ - فتحي سالم اللهيبي: م.س، ص ٢٦-٢٧.

١٥ - ن،م، ص ٧٠، ٩٣-٩٤، ١٢٥.

١٦ - ياقوت الحموي: معجم البلدان، ط٢، بيروت دار صادر، ١٩٩٥م، ج١/ ص ٦٤.

١٧ - فتحي سالم اللهيبي: م.س، ص ٤٣-٤٤، ٧٠.

١٨ - ر.سی.سميل: الحروب الصليبيه، ترجمه: سامي هاشم، ط١، بيروت، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، ١٩٨٢م، ص ٤٩.

١٩ - فتحي سالم اللهيبي: م.س، ص ٢٩ – ٣٢، ٣٧-٥٦.

بوون ڕووەو ناوچەکانی شام.[٢٠]

قۆناغی سێیەم پاش جەنگی مڵازگرد و شکستی بیزەنتییەکان لەبەردەم سەلجووقییەکاندا و دەستگرتنی سوپای سەلجووقی بەسەر ئەرمینیادا کۆچی بەرفراوانی ئەرمەنەکان ڕووەو شام ڕوویدا بە چەشنێك لەوێ ئەرمینیای بچووکیان دامەزراند کە پێکهاتبوو لە کۆمەڵێك دەسەڵاتی پەرت و جیاجیای ئەرمەنی، بەشێکیان سەربەخۆ و بەشێکیان هەواداری بیزەنتییەکان بوون، بەڵکو زۆربەی کات ململانێی نێوان ئەرمەنەکان و بیزەنتییەکان لەسەر فراوانکردنی قەڵەمڕەویان بەدیدەکرێت، هەرکات ئیمپراتۆریەتی بیزەنتی تووشی لاوازییەك ببوایە، خێرا ئەرمەنەکان هەوڵیاندەدا لەژێر هەژموونی ئەواندا دەربچن و قەڵەمڕەوی دەسەڵاتیان فراوان بکەن.[٢١]

ئەرمەنەکان جیابوون لە هەر گەلێکی تری مەسیحی، چونکە ئەوان بڕێك دروشم و ڕێوڕەسمی تایبەت و نەریتی نامۆ و تایبەت بە خۆیان هەبوو.[٢٢]

لەگەڵ سەرەتاکانی هەڵمەتە خاچ دروشمەکاندا، ئەرمەنەکان بە گەرمی باوەشی پێشوازییان بۆ کردەوەو دانیان نا بە دامەزراندنی میرنشینە خاچ دروشمەکاندا،[٢٣] هەرچەندە سەرەتا جۆرێك لە نەگونجان و ململانێ لەسەر هەژموونی دەسەڵات لەنێوان خاچ دروشمەکان و ئەرمەنەکاندا ڕوویدا، بەڵام بە خێرایی لەلایەن سەرکردە خاچ دروشمەکانەوە هەوڵی ئەوە درا ئەرمەنەکان ئاشت بکرێنەوەو بخزێنرێنە نێو ئەو ململانێیەی کە خۆیان دژ بە موسڵمانان بۆی هاتبوون، بەمەش دوو ئامانجی سەرەکییان دەپێکا، لاوازکردنی پێگە و هەژموونی ئیمپراتۆریەتی بیزەنتی کە هەر لە دوای هەڵمەتی یەکەمی خاچ دروشمەکانەوە پەیوەندی لەگەڵ شانشینە خاچ دروشمەکان تێکچوو و زۆرجار دژ بەوان هەواداری موسڵمانان دەبوو، لەلایەکی دیکەشەوە بوونی ئەرمەنەکان و بەکارهێنانیان دژ بە هێزی موسڵمانان قورسایی بەریەککەوتنی خاچی و موسڵمانەکانی بۆ هەڵمەتهێنە خاچ دروشمەکان کەم دەکردەوە.[٢٤]

بەهۆی گرتنی ڕوها لە ساڵی (٥٣٩ك/١١٤٤ز)[٢٥] بەریەککەوتنی زەنگی و ئەرمەنەکان تۆختر بوویەوە کە زۆرینەی خەڵکی شارەکە ئەرمەن بوون،[٢٦] خێرا ئەرمەنەکان وەفدێکیان ڕووەو ڕۆما نارد بۆ

---

٢٠- سعيد عبدالفتاح عاشور: تاريخ العلاقات بين الشرق والغرب في العصور الوسطى، ط٢، دار النهضة العربية (بيروت - ٢٠٠٣م)، ص ٧٧.

٢١ - محمد زرقوق: مملكة أرمينيا الصغرى بين المغول والمماليك، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة الجزائر٢، كلية العلوم الإنسانية والإجتماعية، قسم التاريخ، ٢٠١٢م، ص ص ٤١ – ٤٦.

٢٢ - يعقوب الڤيترى: تاريخ بيت المقدس، ترجمه: سعيد البيشاوي، ط١، عمان، دار الشروق، ١٩٩٨م، ص ١٢٣-١٢٤.

٢٣ - ر.سى.سميل: م.س، ص ٤٩.

٢٤ - عزيز سوريال عطية: تاريخ المسيحية الشرقية، تر: اسحاق عبيد، ط١، القاهرة، المجلس الأعلى للثقافة، ٢٠٠٥م، ص ٤١١.

٢٥ - ابن واصل: مفرج الكروب في أخبار بني أيوب، القاهرة دار الكتب والوثائق القومية - المطبعة الأميرية، ١٩٥٧م، ج١، ص ٩٣.

٢٦ - ابن الأثير: الكامل في التأريخ، تحقيق: عمر عبدالسلام تدمري، ط١، بيروت، دار الكتاب العربي، ١٩٩٧م، ج٩، ص ١٤٥.

وەرگرتنی پشتیوانی دژ بە زەنگییەکان، هاتنی نوورەدین زەنگیش ململانێکەی تۆختر کردەوەو چەندین ناوچەی ژێر قەڵەمڕەوی ئەرمەنەکانی گرت، دواتریش توانی دەستوەربداتە نێو ماڵی ئەرمەنەکان و بە پشتیوانی ئەو یەکێك لە سەرکردەکانیان بە ناوی ملیح دەسەڵاتی وەرگرت، بەڵام کوژرانی ئەم سەرکردەیە و هاتنی رۆبینی سێیەم لە ساڵی (٥٧١ك/١١٧٥ز) و هاوپەیمانی لەگەڵ خاچ دروشمەکاندا، ململانێیەکی قووڵی بۆ ئەییووبییەکان جێهێشت.[٢٧]

**سێیەم: ئیمپراتۆریەتی بیزەنتی**

ئیمپراتۆریەتی بیزەنتی درێژکراوەی ئیمپراتۆریەتی رۆمانیە، چونکە سەرچاوەی دەسەڵات و دامەزرانەکەی لە ناواخنی ئیمپراتۆریەتی رۆمانیەوە بوو و دواتر بەرەبەرە بە تەواوەتی جیابوویەوەو بوو بە ئیمپراتۆریەتێکی سەربەخۆ کە زیاتر جڵەوی سەرکردایەتی جیهانی مەسیحیی رۆژهەڵاتی گرتبوویەدەست.

سەبارەت بە سەرەتاکانی دامەزراندنی ئیمپراتۆریەتی بیزەنتی بۆچوونی جیاواز هەیە، لەنێوان کۆتاییەکانی سەدەی سێیەمی زاینی هەتا نیوەی دووەمی سەدەی شەشەمی زاینیدا، بەڵام بۆچوونی دروستتر ئەوەیە کە دامەزراندنی شاری قوستەنتینیە وەك پایتەختی نوێ سەرەتای دامەزراندنی ئیمپراتۆریەتی بیزەنتیە،[٢٨] مەسەلەکەش پەیوەندی هەبوو بە سیاسەتی رووکردنە رۆژهەڵات لەلایەن هەریەك لە دیقلیدیانووس و قوستەنتینەوە.[٢٩]

لە سەردەمی دەسەڵاتی قوستەنتین و لە کۆنگرەی میلان لە ساڵی ٣١٣ ز. دا سەرەتایەکی کرانەوەی ئیمپراتۆریەتەکە بە رووی ئایینی مەسیحیەتدا دەستیپێکرد کاتێك تیایدا بڕیار درا لەسەر ئازادی پەرستش و دانان بە کڵێسای مەسیحیدا،[٣٠] دواتر خودی قوستەنتین لە ساڵی ٣١٨ز. ەوە هێمای ناوی مەسیحی لەسەر پۆشاکی ئیمپراتۆریەت نەخشاند، دواتریش لە قوستەنتینیەی پایتەختی نوێدا کە دروستی کرد، کڵێسای گەورەی دامەزراند و تیایدا لەبری قوربانی بۆ خواوەندەکانی رۆما، رێوڕەسمی مەسیحیەت پەیڕەو دەکرا،[٣١] بەم چەشنە قوستەنتین لە رووی بنیادەوە پایتەختی ئیمپراتۆریەتی بیزەنتیی بنیادنا، لە رووی ئایینیشەوە ئایینی ئیمپراتۆریەتەکەی دەستنیشانکرد.[٣٢]

دوای هاتنی ئایینی ئیسلام و دروستبونی ململانێی فرەلایەنەی نێوان هەردوو جیهانی ئیسلامی و بیزەنتی، یەکەم بەریەککەوتنەکانی موسڵمانان لەگەڵ مەسیحیەکان لە سەردەمی پێغەمبەردا (د.خ)

---

٢٧ - فتحي سالم اللهيبي: م.س، ص ٩٨-١٠١.

٢٨- محمد مؤنس عوض: الإمبراطورية البيزنطية، ط١، عين للدراسات، ٢٠٠٧م، ص ١٢٥-127.

٢٩- نورمان بينز: الإمبراطورية البيزنطية، ترجمة: حسين مؤنس و محمود يوسف، القاهرة، ١٩٥٠م، ص ١-٤.

٣٠- سيد أحمد الناصري: تاريخ الإمبراطورية الرومانية السياسى و الحضاري، ط٢، القاهرة، دار النهضة العربية، ١٩٩١م، ص ٤٣٤.

٣١- أ.ب. تشارلز ورث: الإمبراطورية الرومانية، ترجمة: رمزى عبده و محمد صقر خفاجة، الهيئة المصرية العالمية للكتاب، ١٩٩٩م، ص ٢١٠-٢١١.

٣٢- ابن الأثير: م.س، ج١/ ص ٢٦٢.

دەستیپێکرد و[٣٣] لە سەردەمی خیلافەتی راشیدیندا تۆخبوویەوەو سەرکەوتن و پێشڕەوی موسڵمانان زیادی کرد، ئەم حاڵەتە لە سەردەمی ئومەوی و عەبباسیشدا رەنگی دایەوە، هەندێ جار سەرکەوتن بۆ موسڵمانان بوو و هەندێ جاریش دەبوویە بەختی بیزەنتیەکان، جاری وایش هەبوو ئاگربەستی نێوانیان بۆ ماوەیەك بەریەککەوتنەکانی کەمتر دەکردەوە،[٣٤] بەڵام بە شێوەیەکی گشتی هەریەك لەو دوو دەسەڵاتە گەورەی کە وەك پێگەی هێز و هێمای دوو ئاینی گەورەی ئیسلامی و مەسیحی خۆیان نیشان دەدا، لەسەر سنوورەکانی نێوانیاندا بەریەککەوتن و ململانێی سەختیان هەبوو و ئەو هێز و دەسەڵاتە ناوچەییانەی سەر بە هەرکام لەو دوو هێزەش کە لەو سەرسنوورانەدا بوون، دەبوونە چەکی دەستی ئەو دوو هێزە گەورە.[٣٥]

### چوارەم: ئەییووبییەکان

ئەییووبییەکان بنەماڵەیەکی کوردی نیشتەجێی شاری دوین[٣٦] بوون،[٣٧] لە گوندێکی سەر بە دوین کە پێی دەوترا ئەجدانقان و سەرجەمی دانیشتوانەکەی لە کوردانی رەوادی بوون، ئەییووبی باوکی صەلاحەدین کە دواتر ناوەکەی زاڵبوو بەسەر بنەماڵەکەدا لەوێ لەدایکبوو.[٣٨]

سەبارەت بە کوردبوون، یان کوردنەبوونی ئەییووبییەکان، ئاماژە بە چەند سەرچاوەیەکی هاوسەردەم، یاخود نزیك لە سەردەمی ئەییووبیەکان دەدەین، لەوانەش:

(کۆمەڵێك لە پادشایانی ئەییووبی نکووڵییان دەکرد لە کوردبوونیان و دەیانوت ئێمە عەرەب بوین، بەڵام لای کوردەکان ماینەوەو هاوسەرگیریمان لەگەڵ کردن).[٣٩]

(ئەسەدەدین شێرکۆ و نەجمەدینی برای کوڕانی شازی لە شاری دوەین لەدایکبوون و رەچەڵەکیان لە کوردانی رەوادیە).[٤٠]

(بنەڕەتیان لە دوین بوو کە شارێکی بچووك بوو لە ناو عەجەمدا، دەوترێت لە کوردانی رەوادین، ئەمەش راسترین راوبۆچوونە).[٤١]

(ئەمانە لە کوردانی رەوادین و ئەو هۆزەش لە ناودارترین و هەڵکەوتەترین هۆزەکانی کوردن).[٤٢]

---

٣٣- الطبري: تأريخ الأمم و الملوك، ط٢، بيروت، دار التراث، ١٣٨٧ هـ ج٣/ ص ٣٦ وما بعدها.

٣٤- ابن الأثير: م.س، ج٢/ ٢٦٨، ٥٠٣، ج٣/ ص ٥٦، ٩١، ٣٥٨-٣٥٩.

٣٥- ن.م، ج٧/ ص ٧٦٤.

٣٦ - شاری دەوین لە ناوچەی ئاران لە سنووری ئازەربایجان لە نزیك تفلیس بوو.( ياقوت الحموي: م.س، ج٢/ ص ٤٩١).

٣٧ - ابن الأثير: م.س، ج٩/ ص ٣٤٢.

٣٨ - ابن خلكان: وفيات الأعيان، دار صادر، بيروت، ج٧/ ص ١٣٩.

٣٩ - ابن واصل: م.س، ج١/ ص ٣.

٤٠ - ابن الأثير: م.س، ج٩/ ص ٣٤٢.

٤١ - ابن تغري بردي: النجوم الزاهره في ملوك مصر و القاهرة، دار الكتب، مصر، ج٦/ ص ٤.

٤٢ - أبوشامة: الروضتين في أخبار الدولتين النورية و الصلاحية، تحقيق: إبراهيم الزيبق، ط١، بيروت، مؤسسة الرسالة، ١٩٩٧م، ج١/ ص ٤٠٣.

(گەورەی موسڵمانان لە خاكی میصر.. یووسفی کوڕی ئەییووبی کوردی).[٤٣]

ئەییووبییەکان لە دوینەوە هاتن بەرەو عێراق و سەرەتا چوون لە بەغداد مانەوە،[٤٤] ئینجا ڕۆیشتن لە تكریت نیشتەجێ بوون کە زۆرینەی دانیشتوانەکەی کورد بوون،[٤٥] لەوێ ڕێزیان لێنرا و پۆستیان پێ درا،[٤٦] بەڵام زۆری نەخایاند پەیوەندییەکانیان لەوێ تێکچوو و ئەوانیش چوون بۆ لای عیمادەدین زەنگیی لە موصڵ، ئەویش ڕێزێکی زۆری لێگرتن و ناوچەیەکی دیاریکراوی پێ بەخشین،[٤٧] دواتر لەناو سوپاکەیدا بەکاریدەهێنان و پۆست و پێگەی گرنگی پێدەدان.[٤٨]

بە کوژرانی عیمادەدین زەنگیی لە ساڵی (٥٤١ك/ ١١٤٦ز) ئەسەدەدین شێرکۆی ئەییووبی ڕۆڵی هەبوو لە دانانی نوورەدین زەنگیدا،[٤٩] دواتریش ڕۆڵێکی کارای هەبوو لە لێدانی نەیارەکانی دەوڵەتی زەنگیدا، بەتایبەت هێزە خاچیەکان کە مەبەستیان بوو دەستبگرن بەسەر شامدا،[٥٠] لە بەجێگەیاندنی ئەجێندای دەوڵەتەکەش لە میصردا ڕۆڵی سەرەکی لەدەست ئەیووبییەکاندا بوو[٥١] کە دواجار لێکەوتەکەی لە بەرژەوەندی خۆیان بوو و دامەزراندنی دەوڵەتی ئەییووبی لێکەوتەوە.

پاش مردنی نوورەدین زەنگیی، شیرازەی زەنگییەکان تێکچوو و مەترسی خاچ دروشمەکانیش لەسەر شام زیادی کرد، ئەمە دەرفەتێك بوو بۆ صەلاحەدینی ئەییووبی کە دوای مەرگی هەریەك لە ئەسەدەدین شێرکۆی مامی و کۆتا خەلیفەی فاتیمی جڵەوی میصری کەوتبووە دەست، هەتا بیر لە گرتنی شامیش بکاتەوەو ناوچەکانی جیهانی ئیسلامی یەکبخات بۆ بەرنگاربوونەوەی مەترسی خاچ دروشمەکان، ئەم هەوڵانەی بەردەوام بوون هەتا ساڵی (٥٨١ك/ ١١٨٥ز) و دواجار توانی دەوڵەتێکی بەهێزی یەکگرتوو دابمەزرێنێت کە شەرعیەتی لە خیلافەتی عەبباسی وەرگرتبوو، ئیتر لەوێوە هەنگاو بنێت بۆ لێدانی خاچ دروشمەکان و گرتنەوەی ئەو ناوچانەی دەستیان بەسەرداگرتبوون.[٥٢]

دوای ئەوە صەلاحەدین هێرشەکانی رووەو خاچ دروشمەکان دەستپێکرد و توانی یەکێك لە گرنگترین مەڵبەندە دیارەکانی شامیان لێوەربگرێتەوە کە بەیتولمەقدیس بوو[٥٣] و لە رووی ئایینیەوە لای موسڵمانان پیرۆزیەکی زۆری هەبوو و بۆ بە گەورەترین دەستکەوتی ئەییووبییەکان لە ماوەی دەسەڵاتدارییاندا.

پاش ئەمەش قۆناغی وەڵامدانەوەی هێرشی سێیەم و مەرگی صەلاحەدین هۆکار بوون بۆ وەستانی

٤٣ - کاتب مراکشي: الإستبصار في عجائب الأمصار، بغداد، دار الشؤون الثقافية، ١٩٨٦م، ص ١٠٤.
٤٤ - ابن خلكان: م.س، ج٧/ ص ١٤٠.
٤٥ - محمد سهيل طقوش: تأريخ الأيوبيين، ط١، بيروت، دار النفائس، ٢٠٠٨م، ص ١٨.
٤٦ - أبوشامة: م.س، ج٢، ص ٢٥٢
٤٧ - ابن الأثير: الكامل في التاريخ، ج٩/ ص ٣٤٢.
٤٨ - محمد سهيل طقوش: م.س، ص ١٨.
٤٩ - عطا عبدالرحمن محی الدين: ئەسەدەدین شێرکۆ، چاپی یەکەم، سلێمانی، ناوەندی رۆشنبیر، ٢٠٠٣ز، ل ٧٢-٧٤.
٥٠ - ابن عساكر: تأريخ مدينة دمشق، تحقيق: عمرو بن غرامة، دار الفكر، ١٩٩٥م، ج٢٣/ ص ٢٨٤.
٥١ - ابن خلكان: م.س، ج٢/ ص ٤٤٠.
٥٢ - محمد سهيل طقوش: م.س، ص ٥١ – ٨١.
٥٣ - أبوشامة: م.س، ج٣/ ص ٣٣٣-٣٥٣.

فراوانخوازی ئەییووبییەکان، وەرگرتنەوەی بەیتولمەقدیس لێیان و دواتر گێڕانەوەی بۆ جاری دووەم و بەریەککەوتنی بەردەوامی نێوان خاچی و ئەییووبیەکان و درووستبوونی دووبەرەکی لەنێو ماڵی ئەییووبیدا دیارترین دیمەنە سیاسیەکانی ئەو دەوڵەتە بوون هەتا دواجار بە هاتنی مەملووکییەکان کۆتایی بە دەسەڵاتەکەیان هات.[٥٤]

پەیوەندییەکانی ئەییووبییەکان لەگەڵ دەسەڵاتە زلهێزەکانی ناوچەکەش دیوێکی دیکەی مێژووی ئەو دەوڵەتە بوو کە خۆی دەبینیەوە لە پەیوەندی لێکتێگەیشتن و تەبایی و هەواداری لەگەڵ خیلافەتی عەبباسی[٥٥] و پەیوەندی دیبلۆماسی و ناتەبایی و تەبایی لەگەڵ ئیمپراتۆریەتی بیزەنتی[٥٦] و چەند دەسەڵاتێکی تری ناوچەیی مەسیحی وەك شانشینی جۆرجیا[٥٧] و پەیوەندی بەریەککەوتن و ململانێ لەگەڵ شانشینە خاچ دروشمەکان و دەوڵەتە مەسیحیە ئەورووپییەکان کە لە ڕێی شاڵاوە خاچ دروشمەکانەوە لەگەڵ ئەییووبییەکاندا بەریەکدەکەوتن.[٥٨]

## تەوەری دووەم: پەیوەندی نێوان ئەییووبی و جۆرجییەکان

### یەکەم: بەریەککەوتنی نێوان ئەییووبی و جۆرجییەکان

بەهۆی سەرکەوتنەکانی صەلاحەدینی ئەییووبی و فراوانبوونی دەسەڵاتەکەی، سنووری دەسەڵاتدارییەکەی گەیشتە سەر سنووری جۆرجیا، بەڵام بەهۆی سەرقاڵبوونی بە جەنگی خاچ دروشمەکانەوە فریای ئەوە نەکەوت جۆرجیاش ملکەچی فەرمانڕەوایی خۆی بکات، بەڵکو بە شێوەیەکی گشتی لەسەردەمی ئەودا پەیوەندی ئەییووبی و جۆرجییەکان مۆرکی ئارامی و بەریەکنەکەوتنی بەسەردا زاڵ بوو، لە بەرامبەردا شانشینی جۆرجیاش هەوڵیدا پەیوەندی دۆستانەی لەگەڵ ئەییووبییەکاندا هەبێت هەتا ئەم هێزە نوێ ئیسلامییە سەرئێشەی بۆ دروست نەکات.[٥٩]

زۆری نەخایاند پەیوەندیی نێوان ئەییووبی و جۆرجییەکان تێکچوو، هۆکارەکەشی بەستنی هاوپەیمانی بوو لەلایەن جۆرجییەکانەوە لەگەڵ هێزە مەسیحیەکانی دیکە، لەوانەش ئەو هاوپەیمانێتیەی کە لە ساڵی (٥٩٨ك/١١٩٨ز) لەگەڵ ئەرمەنەکان بەستیان بۆ هێرشبردنە سەر ناوچەکانی جیهانی ئیسلامی، لەوانەش ناوچەی خەلات کە ئەوکات بەدەست سەلجووقییەکانەوە بوو، بەڵام لە هەڵمەتی دووەمی جۆرجییەکان بۆ سەر شارەکە لە ساڵی دواتردا، بەهۆی لاوازی و بێهەڵوێستی بەرپرسە سەلجووقیەکەیەوە لە ئاست هێرشی جۆرجییەکان، خەڵکی شارەکە لێی ڕاپەڕین

٥٤ - قاسم عبده قاسم و علي السيد علي: الأيوبيون والمماليك، عين للدراسات، ص ٧١ – ٧٧، ٨٣-١١١، ١٢٧-١٣٢.

٥٥ - محمد سهيل طقوش: م.س، ص ٨٣-٨٩.

٥٦ - زبيدة محمد عطا: الشرق الإسلامي و الدولة البيزنطية زمن الأيوبيين، ط٢، القاهرة، دار الأمين، ١٩٩٤م، ص ٦.

٥٧ - ابن الأثير: م.س، ج١٠/ ص ٣٧٨.

٥٨ - محمد سهيل طقوش: تاريخ الأكراد، ط١، بيروت، دار النفائس، ٢٠١٥م، ص ٥٣-٥٥.

٥٩ - فتحي سالم اللهيبي: دراسات في علاقة الأرمن والكرج بالقوى الإسلامية في العصر العباسى، ط١، بيروت، دار الكتب العلمية، ٢٠١٣م، ص ١٨٧.

و یەکێك لە سەرکردە هەوادارەکانی ئەییووبییەکانیان دانا. [٦٠]

لە ساڵی (٦٠٢ك/ ١٢٠٥ز) دا جۆرجییەکان هێرشیان هێنایە سەر خەڵات و گرتن و کوشتاریان تێدا ئەنجامدا.[٦١]

لە ساڵی (٦٠٣ك/ ١٢٠٦ز) دا جۆرجییەکان پاش گەمارۆیەکی درێژخایەنی سەر شاری خەلات، توانییان ناوچەی قورسی سەر بە خەڵات بگرن، ئەمەش پاش ئەوەی هەرچەندە لەلایەن سەرکردەو خەڵکە موسڵمانەکەیەوە داوای هاوکاری کرا و هیچ بەدەمەوەهاتنێك نەبوو، ناچار لەلایەن سەرکردەی قەڵاکەوە بە ڕێککەوتن درایە دەست جۆرجییەکان،[٦٢] ئەم حاڵەتە وای لە مەلیك ئەوحەدی ئەییووبی کرد بیر لە گرتنی خەڵات بکاتەوەو لە ساڵی (٦٠٤ك/ ١٢٠٧ز) دا شارەکەی گرتەدەست،[٦٣] ئەمەش پاش داواکاری خەڵکی شارەکە، جۆرجییەکان بەم هەنگاوە ترسیان لێنیشت و رقیان لەم کەسایەتیە بوو، بۆیە هەڵمەتەکانیان بۆ سەر خەڵات و دەوروبەری یەکدوای یەك بەردەوام بوو.[٦٤]

جۆرجییەکان لە ساڵی (٦٠٥ك/ ١٢٠٨ز) دا شاری ئەرجیشیان گرت و تاڵان و بڕییان تێدا ئەنجام دا و شارەکەیان سووتاند،[٦٥] هەرچەندە مەلیك ئەوحەد لە خەڵات بوو، بەڵام لەبەر زۆری ژمارەی جۆرجییەکان و ترسی لە هەڵگەڕانەوەی خەڵکی خەڵات نەڕۆیشت بۆ بەرنگاربوونەوەی ئەو هێرش و پەلاماردانەی جۆرجییەکان.[٦٦]

بەشێکی دیکەی تێکچوونی پەیوەندییەکانیان پەیوەست بوو بە هەڵوێست وەرگرتنی جۆرجییەکان لە ئاست هەڵسوکەوت و هەڵوێستی ئەییووبییەکان لە شامدا، بۆ نموونە کاتێك موعەزەم عیسای بەرپرسی دیمەشق شووراکانی بەیتولمەقدیسی رووخاند، جۆرجیەکان زۆر بێزار بوون بەو هەڵوێستە و هەڕەشەیان لەو سەرکردە ئەییووبیە کرد.[٦٧]

لە ساڵی (٦٠٧ك/ ١٢١٠ز) دا جۆرجییەکان هێرشیان بردە سەر خەلات و گەمارۆیان لەسەر دانا، یەکێك لە (مونەجیمەکان)ی نزیك لە پادشای جۆرجیا دڵنیایی بە پادشا دا و پێی وت ئەمشەو لە قەڵای خەڵات شەو دەکەیتەوە، بێخەمیەکەی ئیوانی پادشای جۆرجییەکان گەیشتە ئاستێك مەی بخواتەوەو سەرخۆشی بکات،[٦٨] بە بیست سوارەوە رووەو خەلات چوو،[٦٩] ئەسپەکەی خستیە خوارەوە، لەو کاتەدا ژمارەیەك لە قەیمەرییەکان – کە کورد بوون- و چووبوون بۆ بەرگرتن بە هێرشی

٦٠ - ن.م، ص ١٨٧-١٨٨.

٦١ - ابن الساعي: الجامع المختصر في عنوان التواريخ و عيون السير، المطبعة السريانية الكاثوليكية في بغداد، ١٩٣٤م، ج٩/ ص ١٧٧.

٦٢ - ابن الأثير: م.س، ج١٠/ ص ٢٤٩.

٦٣ - ابن الساعي: م.س، ج٩/ ص ٢٤٢.

٦٤ - ابن واصل: م.س، ج٣/ ص ١٧٦.

٦٥ - ابن الأثير: م.س، ج١٠/ ص ٢٦٨.

٦٦ - ابن واصل: م.س، ج٣/ ص ١٨٣.

٦٧ - يعقوب الڤيتری: م.س، ص ١٢٧.

٦٨ - الذهبي: سير أعلام النبلاء، ط١، القاهرة، دار الحديث، ٢٠٠٦م، ج١٦/ ص ١٨١.

٦٩ - ابن واصل: م.س، ج٣/ ص ٢٠١.

جۆرجییەکان، ئیوانییان بینی و بەدیلیان گرت و بردیان بۆ لای مەلیك ئەوحەد، ئەویش کە ئیوانی بینی، ڕێزێکی زۆری گرت و لەسەر کورسیەکەی خۆی داینیشاند و خۆیشی لەبەردەمیدا دانیشت و پێی وت: ئەم وڵاتە هی خۆتە،[70] ئیوانی پێ وتن: (ئەگەر ئازادم دەکەن ئەوە خێرا ئەوە بکەن پێش ئەوەی هەواڵەکە بگاتە لای جۆرجییەکان و کەسێکی دی لە شوێنی من دابنێن، ئەوکات چیتان ویست وادەکەین)،[71] ئینجا خێرا نامەی نارد بۆ براکەی و سەرجەم جۆرجییەکان و داوای لێکردن پاشەکشە بکەن.[72]

دواجار بە ڕێککەوتن بڕیاری ئازادکردنی درا، ڕێککەوتنەکەش لەسەر ئەم خاڵانە بوو:

ئیوانی دووسەد هەزار دینار بدات

پێنج هەزار دیلی موسڵمانان ئازاد بکرێن.

ماوەی سی ساڵ ڕێککەوتن و ئاشتی لەنێوانیاندا هەبێت.

ئیوانی کچەکەی خۆی بدات بە مەلیك ئەوحەد.

چەند قەڵا و ناوچەیەك بگێڕێتەوە بۆ موسڵمانان.

سوێند لەسەر بەجێگەیاندنی ئەو خاڵانە بخورێت.[73]

لەکاتی هەڵمەتی پێنجەمی خاچییەکان کە ڕوو لەشاری دمیات بوو وتیایدا ئەیووبییەکان بەرنگاری ئەو هێرشە بوونەوە، خاچییەکان داوای یارمەتییان لە جۆرجییەکان کرد بۆ ئەوەی هێز بنێرن بۆ گرتنی شارەکە، ئەمەش لەو نامەیەدا ڕوون دەبێتەوە کە لە (١٣/ئازاری/١٢٢١ز) دا نێردرا بۆ پاپای ڕۆما.[74]

لە ساڵی (٦٢٠ك/ ١٢٢٣ز)دا بەرپرسی ناوچەی سورماری کە سەر بە دەسەڵاتی ئەییووبییەکان بوو، چوو بۆ خەڵات و لەوێوە هێرشی بردە سەر چەند ناوچەیەکی جۆرجیا و تاڵانی تێدا ئەنجامدا، ئەوانیش هێزێکیان کۆکردەوەو هێرشیان بردە سەر سورماری و تاڵان و برییان تێدا ئەنجام دا، خێرا بەرپرسی سورماری گەڕایەوەو هێرشی بردە سەر جۆرجییەکان و بەشێك لەوەی لێسەندنەوە کە بردبوویان، زۆری نەخایاند بە سەرکردایەتی بەرپرسی دوەین جۆرجییەکان هێرشێیان هێنایەوە سەر سورماری، بەرپرسی ئەوێیش هەواڵی پێگەیشت کە لەنێو دۆڵێکدا هێزەکە مۆڵی خواردووە، هەڵیکوتایە سەریان و کوشتارێکی زۆر لە سوپای جۆرجییەکان کرا و سەرکردەکەیان بەدیل گیرا و کەمینەیەکیان بە شەل و پەتی خۆیان گەیاندەوە جۆرجیا، خێرا پادشای جۆرجیا نامەیەکی نارد بۆ مەلیك ئەشرەف مووسای کوڕی عادل کە بەرپرسی جەزیرە بوو و پەیامێکی گلەیی ئامێزی پێ گەیاند (ئێمە وامانزانی لە ڕێککەوتنداین، کەچی دەبینیت ئێستا بەرپرسی سورماری ئاوای کردووە، جا ئەگەر لە ڕێککەوتنداین دەمانەوێت دیلەکانمان ئازاد بکەن، ئەگەریش ڕێککەوتن هەڵوەشاوەتەوە ئەوا پێمان بڵێ با ئێمەش ئیشی خۆمان

٧٠ - النويري: نهاية الإرب في فنون الأدب، ط١، القاهرة، دار الكتب والوثائق القومية، ١٤٢٣هـ ج٢٩/ ص ٤٨.

٧١ - القزويني: آثار البلاد و أخبار العباد، بيروت، دار صادر، ص ٥٢٤.

٧٢ - نهاية الإرب في فنون الأدب، ج٢٩/ ص ٤٨.

٧٣ - ابن واصل: م.س، ج٣/ ص ٢٠١.

٧٤- ريتشارد سوذرن: صورة الإسلام في أوروبا في القرون الوسطى، تر: رضوان السيد، ط٢، دار المدار الاسلامي، ٢٠٠٦م، ص ٨٨.

بزانین)، مەلیك ئەشرەف كە نامەكەی خوێندەوە، خێرا فەرمانی نارد بۆ بەرپرسی سورماری هەتا دیلەكان ئازاد بكات و ڕێككەوتن لەگەڵ جۆرجیادا نوێ بكاتەوە، ئەویش فەرمانەكەی بەجێگەیاند.[٧٥]

لە ساڵی (٦٢٢ك/١٢٢٥ز)ەوە پەیوەندییەكانی ئەیيووبی وجۆرجییەكان بەرەو ئاڵۆزی چوون، ئەوەش بەهۆی بەزاندنی ڕێككەوتنی نێوانیان لەلایەن جۆرجییەكانەوە كاتێك لەو ساڵەدا هێرشیان بردە سەر چەند ناوچەیەكی ژێر دەسەڵاتی ئەیيووبییەكان، بەڵام لەلایەن ئەیيووبییەكانەوە بەرپەرچ درانەوە و شكستێكی سەختیان تووشكرا، ئەم شكستە لە ناخی جۆرجییەكاندا مایەوە هەتا دواتر لەگەڵ سەلجووقییەكاندا هاودەست بوون بۆ گرتنی چەند ناوچەیەكی ژێر دەسەڵاتی ئەیيووبییەكان، تەنها بەوەشەوە نەوەستان، بەڵكو دواتر هاودەم بە ژمارەیەك لە هێزە ئەرمەنییەكان دایانە پاڵ سوپای مەغۆل بۆ هێرشبردنە سەر میافارقین، ئەم حاڵەتەش هەتا كۆتایی سەردەمی ئەیيووبییەكان درێژەی كێشا.[٧٦]

**دووەم: پەیوەندیی دۆستانەی نێوان ئەیيووبی و جۆرجییەكان**

پەیوەندی دۆستانەی نێوان ئەیيووبی و جۆرجییەكان خۆی لە سێ بواری سەرەكیدا دەبینیەوە، ئەوانیش بریتی بوون لە:

**- سەردان و وەفد و دیارییەكان:**

یەكەم نێردراوی جۆرجییەكان بۆ لای صەلاحەدینی ئەیيووبی لە ساڵی (٥٨٨ك/ ١١٩٢ز) دا بوو كاتێك باسی ئەو ناوچانەی دەكرد كە لە قودس بەدەست جۆرجیەكانەوە بووەو داوای دەكرد ئەو ناوچانە بدرێنەوە دەستیان،[٧٧] لە بەرامبەردا سوڵتان صەلاحەدین رازی بوو وریزێكی زۆری وەفدەكەی گرت و كۆمەڵێك دیاریی پێدا ناردەوە.[٧٨]

هەروەها پادشای گورجەكان نێردراوی نارد بۆ لای صەلاحەدینی ئەیيووبی و داوای لێكرد خاچی صەلەبووتی پێ بدات لە بەرامبەر ئەوەدا جۆرجیا دووسەد هەزار دینار دەدات بە سوڵتانی ئەیيووبی، بەڵام صەلاحەدین بەو پێشنیارە رازی نەبوو،[٧٩] ئەبووشامە باس لەوە دەكات نێردراوی هەریەك لە بیزەنتییەكان و جۆرجییەكان چەند جار بەو مەبەستە هاتوونەتەوە بۆ لای صەلاحەدینی ئەیيووبی، بەڵام سوڵتان بەڵێی بۆ نەكردون.[٨٠]

لەو ماوەی بەیتولمەقدیس بە دەست موسڵمانەكانەوە بوو، جۆرجیەكان دەهاتن بۆ سەردانی

---

٧٥ - ابن الأثير: م.س، ج١٠/ ص ٣٧٨-٣٧٩.

٧٦ - فتحي سالم اللهيبي: مملكة جورجيا في العصور الوسطى، ط١، عمان، دار غيداء، ٢٠١٥م ص ١٩٠-١٩١.

٧٧ - أبوشامة: م.س، ج٤/ ص ٣٢٦.

٧٨ - فتحي سالم اللهيبي: مملكة جورجيا، ص ١٧٦.

٧٩ - ابن شداد: النوادر السلطانية والمحاسن اليوسفية، تحقيق: د. جمال الدين الشيال، ط٢، القاهرة، مكتبة الخانجي، ١٩٩٤م، ص ٣١١.

٨٠ - أبوشامة: م.س، ج٤/ ص ٢٧٠.

کڵێسای قیامە لە بەیتولمەقدیس، ئەوان بە چەکەوە دەهاتن و دەڕۆیشتنەوە.[٨١]

لە ساڵی (٥٩٩ك/ ١٢٠٢ز) دا وەفدی ئەییووبییەکان لەلایەن مەلیك عادلەوە بە نوێنەرایەتی دادوەر ئیبن ئەبی عصروون چوو بۆ لای جۆرجییەکان.[٨٢]

لە ساڵی (٦١٠ك/ ١٢١٣ز) دا پەیوەندییەکانی نێوان ئەییووبی و جۆرجییەکان لە ئاستێکی باشدا بوون بە چەشنێك مەلیك عادل فیلێکی لە مصرەوە نارد بۆ پادشای جۆرجیا کە دیارییەکی زۆری لێنرابوو، خەڵکی کە فیلەکەیان دەبینی پێی سەرسام بوون.[٨٣]

- **پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان:**

وەك جێبەجێکردنی بەندێکی رێککەوتنی ساڵی (٦٠٧ك/ ١٢١٠ز) نێوان ئەییووبی و جۆرجییەکان، کچەکەی ئیوانی سەرکردەی جۆرجی بە بووکێنی نێردرا بۆ لای مەلیك ئەوحەدی ئەییووبی، ئەو ئافرەتە لەسەر ئایینی مەسیحی خۆی مایەوە، دوای مردنی مەلیك ئەوحەدیش ئەم ئافرەتە لەلایەن مەلیك ئەشرەفی برای مەلیك ئەوحەدەوە بەهاوسەرگیرا،[٨٤] دواتر جەلالەدین خوارزمشاە کە خەڵاتی گرت ئەو ژنەی بەدیل گرت، هەرچەندە مەلیك کامیل ئەشرەف داوای کرد ئازادی بکات کەچی رازی نەبوو،[٨٥] دواتر کە مەغۆلەکان هاتن و ئەو ئافرەتە کەوتە دەست مەغۆلەکان، خاقان نامەیەکی بۆ نووسی کە سەرجەم ناوچەی خەلات و دەوروبەری دایە دەست ئەو ئافرەتە، ئەویش نامەیەکی بۆ مەلیك شەهابەدین غازی ئەییووبی نووسی وپێی وت: من ژنی مەلیك ئەشرەفی برات بووم، ئەگەر هاوسەرگیریم لەگەڵ دەکەیت ئەوە با ئەم ناوچەیە بۆ تۆ بێت، بەڵام مەلیك شەهابەدین رازی نەبوو.[٨٦]

- **رێککەوتنەکانی نێوانیان:**

لە ساڵی (٦١٧ك/ ١٢٢٠ز) دا کاتێك تەتەرەکان هێرشیان بردە سەر ناوچەکانی جۆرجیا و کوشتارێکی زۆریان تێدا ئەنجامدا، پادشای جۆرجیا نامەیەکی بۆ مەلیك ئەشرەفی ئەییووبی نارد و پاش داوای ئاگربەستی نێوانیان، داوای لێکرد یەکدەست بن بۆ بەرنگاربوونەوەی تەتەرەکان، لەنێو نامەکەیدا هاتبوو (ئەگەر لەگەڵمان نەبن بۆ جەنگی تەتەر و دوورخستنەوەیان لە وڵات و بە خۆتان و سەربازەکانتانەوە ئامادەی ئەم ئەرکە گرنگە نەبن، ئەوا لەگەڵ تەتەرەکان لە دژی ئێوە رێککەوتن دەبەستین)، بەڵام مەلیك ئەشرەف نەچوو بەدەم داواکەیانەوەو پۆزشی ئەوەی هێنایەوە کە دەبێت خۆی بگەیەنێتە میصر بۆ بەرنگاربوونەوەی هێرشی خاچ دروشمەکان، لە بەرامبەردا پێشنیارێکی دیکەی بۆ خستنەڕوو (من شانشینی خەلاتم بڕیوەتەوە بۆ براکەم و ناردوومە بۆ ئەوێ هەتا لێتانەوە

---

٨١ - يعقوب الڤيتري: م.س، ص ١٢٦.

٨٢ - ابن الفرات: تاريخ ابن الفرات، بصرة، دار الطباعة الحديثة، مج٤/ ج٢/ ص ٢٤٩.

٨٣ - ابن كثير: م.س، ج١٧/ ص ٣٥.

٨٤ - النويري: م.س، ج٢٩/ ص ٤٨، ٣١٧.

٨٥ - الذهبي: تأريخ الإسلام، تحقيق: د.عمر عبدالسلام تدمري، ط٢، بيروت، دار الكتاب العربي، ١٩٩٣م،ج١٣/ ص ٦٥١.

٨٦ - ن.م، ج١٤/ ص ٣٥٠.

نزيك بێت، سەربازيشم لا جێهێشتووە، هەركات پێويستتان بە پشتيوانی ئەو بوو بۆ بەرگرتن بە تەتەر ئەوە لەگەڵتان ئامادە دەبێت).[٨٧]

## تەوەری سێیەم: پەیوەندی نێوان ئەییووبیەکان و ئەرمینیای بچووک

دەست تێكەڵكردنی ئەرمەنەكان لەگەڵ هێزە خاچ دروشمەكان زۆرجار چەشنێك لە سەركەشی و لەخۆباييبوونی پێدابوون، هەندێ جاريش جەنگی بە وەكالەتی تووش دەكردن، وەك چۆن پێشتر بيزەنتييەكان دژ بە موسڵمانەكان سەرسنوورەكانيان بە ئەرمەنەكان دەپاراست، خاچ دروشمەكانيش هەمان ئەزموونيان دووبارە كردەوە، ئەم حاڵەتە لە سەردەمی ئەییووبییەكانیشدا درێژەی كێشا، ئەوەبوو لە ساڵی (٥٧٦ك/ ١١٨٠ز) دا ئەرمەنەكان بەرامبەر بە ژمارەيەك لە توركمانە موسڵمانەكان ناپاكييان نواند، مەسەلەكەش ئەوەبوو ژمارەيەك لە توركمانەكانيان رازی كردن مەڕو ماڵاتەكەيان ببەن لەنێو خاكی ئەرمەنەكاندا بيلەوەڕێنن، بەڵام كە توركمانەكان رۆيشتن، ئەرمەنەكان ناپاكييان لە روويواندا نواند و ئەوانيان بەديل گرتن، شەكوای ئەم ناپاكييە لەلايەن سەلجووقييەكانەوە گەيشتەوە لای سوڵتان صەلاحەدينی ئەییووبی و داوايان كرد پشتيوانييان بكات بۆ تۆڵەسەندنەوە، ئەويش هێرشی بردە سەر ئەرمەنەكان، ئيبن لاوونی سەركردەی ئەرمەنەكان كە بەمەی زانی خێرا دەستيبرد بۆ سووتاندنی دانەوێڵە و شمەكی ناو قەڵاكە بۆ ئەوەی سوپای ئەییووبی دەستی بەسەردا نەگرێت، بەڵام دواجار لەبەردەم ئەییووبییەكاندا شكا و ملكەچی بۆ صەلاحەدين نيشان دا و ديلە موسڵمانەكانيشی ئازاد كرد، ئينجا رێككەوتنێك لەنێوان هەريەك لە ئەییووبی و ئەرمەنی و سەلجووقييەكاندا بەسترا،[٨٨] ئيبن لاوون بۆ رازيكردنی دڵی صەلاحەدين و راكێشانی سۆز و سەرنجی ئەو سەركردە ئەییووبیيە هەوڵێكی زۆری خستەگەڕ،[٨٩] لەوە بەدواش هەتا مردنی لە ساڵی (٥٨٢ك/١١٨٦ز) بەردەوام سەرانەی ساڵانەی بە ئەییووبییەكان دەدا.[٩٠]

هاتنی هەڵمەتی سێیەمی خاچ دروشمەكان هيوايەكی بە ئەرمەنەكان بەخشی هەتا بتوانن لەوێوە دژ بە ئەییووبییەكان هەستنەوە، بۆيە هەر لە سەرەتاوە پشتيوانی هاتنی پادشای ئەڵمانيايان كرد و چوونە نێو ريزی هەڵمەتەكەيەوە، بەڵام مردنی كتوپڕی ئەو پادشايە بارودۆخەكەی لێ تێكدان،[٩١] بۆيە خێرا هێزی ئەرمەنی خۆی لە سوپای خاچ دروشمەكان جياكردەوەو لەنێو قەڵايەكدا خۆيان قايم كرد، خودی ئەم وردەكارييانەش لەلايەن سەركردەيەكی ديكەی ئەرمەنيەوە بە نووسراوێك ئاڕاستەی صەلاحەدينی ئەییووبی كرا كە سەرەتای نامەكەی بەم چەشنە دەستی پێكردبوو (كتاب الدَّاعِي المخلص الكاغيكوس مِمَّا أطالع بِهِ عُلُوم مَوْلَانَا ومالكنا السُّلْطَان الْملك النَّاصِر جَامع كلمة الايمان رَافع علم

٨٧ - ابن واصل: م.س، ج٤/ ص ٩٠-٩١.

٨٨ - ابن واصل: م.س، ج٢/ ص ٩٨-١٠٠.

٨٩ - البنداري: مختصر سنا البرق الشامي، مكتبة الخانجي، ١٩٧٩م، ص ١٧٧.

٩٠ - فتحي سالم اللهيبي: مملكة ارمينيا الصغرى، ص ١٠٤.

٩١ - ابن شداد: م.س، ص ١٩٠.

الْعدْل والاحسان صَلَاح الدُّنْيَا وَالدّين سُلْطَان الْإِسْلَام وَالْمُسْلِمين من أَمر ملك الألمان ..).[92]

ئەو شکستە کتوپڕەی هێزی خاچ دروشمەکان ترسی لە دڵی ئەرمەنەکاندا دروستکرد و هەوڵیاندا لەوە بەدوا بێلایەن بن لە ململانێکاندا، نموونەی ئەوەش بێلایەنبوونی هێزی ئەرمەنی بوو لە ململانێی ئەییووبی و ئەنتاکیەدا، ئەم حاڵەتەش هەتا مردنی صەلاحەدینی ئەییووبی بەردەوام بوو.[93]

مردنی صەلاحەدین و دروستبوونی ململانێی نێوخۆیی نێو بنەماڵەی ئەییووبی دەرفەت بوو بۆ ئەرمەنەکان هەتا جارێکی دی دژ بە ئەییووبییەکان بیر لە پێشڕەوی بکەنەوە، بەڵام ئەوانیش گیرۆدەی دەست ململانێی نێوخۆیی بوون، ئەمە وایکرد بەشێك لەوان ببنە هاوپەیمانی ئەییووبییەکان و بەشێکی دیکەشیان هاوپەیمانی خاچ دروشمەکان بن، هەرچەندە خاچ دروشمەکان ویستیان دژ بە ئەییووبییەکان ئەرمەنەکان یەکبخەن، بەڵام ئەو مەرامەیان نەهاتەدی، ئەییووبییەکان پشتیوانی سەرکردە هاوپەیمانیە ئەرمەنییەکەی خۆیان بوون (بوهیمندی چوارەم) دژ بە سەرکردەی ئەرمەنی هاوپەیمانی خاچ دروشمەکان لیڤۆنی دووەم، ئەم حاڵەتەش زیاد لە دەیەیەکی خایاند،[94] لە پەرچەکرداری ئەمەشدا لە ساڵی (٦٠٢ك/ ١٢٠٥ز) دا هێزێکی لیڤۆنی دووەم هێرشی بردە سەر دەوروبەری حەلەب و کەوتنە تاڵان و بڕی و بەدیلگرتنی خەڵك،[95] لەم کاتەدا مەلیك زاهیری ئەییووبی هەڵمەتی ئامادە کرد بۆ سەر ئەو سەرکردە ئەرمەنییە و ئەویش بەهۆی لاوازیی زۆریەوە داوای ڕێککەوتنی لێکرد و بەڵێنی دا چی شتێکی دەست بەسەردا گرتووە هەمووی بگێڕێتەوە، مەلیك زاهیریش نێردراوێکی نارد بۆ لای و ڕێککەوتنیان کرد و هەمو دەستکەوتەکان گێڕدرانەوە، بەڵام زۆری نەخایاند لیڤۆنی دووەم ناپاکی نیشاندایەوەو لە حارم کوشتارێکی دیکەی تورکمانەکانی کرد، مەلیك زاهیر کە ئەو دیمەنەی بینی بڕیاری تۆڵەسەندنەوەی دا، لەگەڵ خاچ دروشمەکانی ئەنتاکیە ڕێککەوتنی بەست هەتا دە هەزار سەربازی خاچ دروشمەکان بەکاربهێنێت دژ بەو سەرکردە ئەرمەنییە و ئەوان لە بەرەیەکەوەو ئەمیش لە بەرەی خۆیەوە هێرشی ببەنەسەر و بە یەکجارەکی دەسەڵاتەکەی لەناو بنەن، لیڤۆنی دووەم تەواو ترسی لێ نیشت و ئامادەیی هەر جۆرە ڕێککەوتنێك بوو، مەلیك زاهیریش ڕازی بوو و نێردراوی نارد و ڕێککەوتن کرا و سەرجەم دیلە موسڵمانەکانیش ئازاد کران.[96]

ئیبن مونقیز کە گەریدەیەکی موسڵمان بووەو لەناو دەسەڵاتی ئەییووبییەکانەوە چووەتە نێو میرنشینە خاچ دروشمەکان، باس لە گەشتێکی دەکات هاودەم بە بیست کەس لە ئەرمەنەکان، ئەمەش ئاماژەیە بە بوونی پەیوەندی دۆستانەی نێوان ئەرمەنەکان و ئەییووبییەکان جیا لە هەر ململانێیەکی سەربازی و سیاسی، هاوکات باس لە ئاڵوگۆڕی نێوانیان دەکات کە چۆن لە میصرەوە بۆنی خۆش براوە

٩٢ - أبوشامة: م.س، ج٤/ ص ١٣٠.

٩٣ - فتحي سالم اللهيبي: مملكة ارمينيا الصغرى، ص ١٠٦-١٠٧.

٩٤ - ن.م، ص ١٠٧-١٠٨.

٩٥ - ابن الساعي: م.س، ج٩/ ص ١٧٧.

٩٦ - ابن واصل: م.س، ج٣/ ص ١٧٠-١٧١.

بۆ ئەرمەنەکان و لەوێشەوە باڵندەی باز نێردراوە بۆ ئەوان.[٩٧]

لە ساڵی (٦١٣ك/١٢١٦ز)دا عیزەدین کەیکاوسی سەلجووقی داوای پشتیوانی لە مەلیك زاهیری ئەییووبی کرد دژ بە ئەرمەنەکان هەتا ئەنتاکیەیان لەچنگ دەربهێننەوە، سەرکردەی ئەییووبیش رازی بوو و بڕیار درا هەرکامیان لە بەرەی خۆیەوە هێرش ببات، بەڵام دواتر مەلیك عادل پێشنیاری کرد هاوپەیمانێتییەکەیان هەڵبوەشێتەوە، لەو سەروبەندەشدا لیڤۆنی دووەم بە دەرفەتی زانی و نامەیەکی بۆ مەلیك زاهیر نارد و ملکەچی خۆی بۆ نیشاندا و هەوڵیدا رەزامەندیی بەدەست بهێنێت، هاوکات دەستپێشخەری سەلجووقییەکان بۆ کوشتاری بەشێك لە ئەرمەنەکانی حەلەب لەو سەروبەندەدا روویدا، هەموو ئەمانە بوونە هۆکار هەتا مەلیك زاهیر دەست لەو هاوپەیمانێتییە هەڵبگرێت.[٩٨]

دوای ئەوە بەرەبەرە بەریەککەوتنی نێوان ئەییووبی و ئەرمەنەکان هێوربوونەوەی بەخۆیەوەدی، هۆکارەکەشی بوونی ململانێی نێوخۆیی بوو لای هەردوو لا، ئەمەش وایکرد زیاتر سەرقاڵ بن بە کێشە ناوخۆییەکانەوە.[٩٩]

## تەوەری چوارەم: پەیوەندی نێوان ئەییووبی و بیزەنتییەکان

### یەکەم: پەیوەندییە سیاسی و سەربازییەکانی ئەییووبی و بیزەنتییەکان

دەکرێت پەیوەندیی نێوان بیزەنتی و ئەییووبییەکان دابەش بکەین بەسەر دوو قۆناغی سەرەکیدا:

**- قۆناغی یەکەم: ناتەبایی ئەییووبی و بیزەنتییەکان:**

ئەم قۆناغە لە سەردەمی زەنگییەکانەوە دەستپێکرد، کاتێك بیزەنتییەکان لەگەڵ خاچ درۆشمەکاندا یەکدەست بوون دژ بە موسڵمانان، ئەییووبییەکانیش پشکی گەورەی بەرنگاربوونەوەی ئەو هێرشەیان لە میصردا لەدەستدا بوو، هەردوو هێزی مەسیحیش هاوڕابوون کە ئەگەر میصر نەگرن مەترسییان لەسەر دروست دەکات،[١٠٠] بۆیە لە ساڵی (٥٦٣ك/١١٦٨ز) عمووری یەکەم رێککەوتنی لەگەڵ ئیمپراتۆر مانویلی بیزەنتی بەست بۆ هێرش بردنە سەر میصر و بیزەنتە بەڵێنی پشتیوانی هێزی دەریایی پێدا و کەشتیگەلێکی بۆ ئامادەکرد کە لە سەد و پەنجا کەشتی جەنگی و شەست کەشتی گەورەی بارهەڵگر پێکدەهات و پێداویستی سێ مانگی هەڵگرتبوو و لە ساڵی دواتردا کەوتەڕێ، هێزەکە رووبانکردە دمیات و گەمارۆیان دا و صەلاحەدینی ئەییووبیش کە لە میصر بوو بەرپرسی بەرپەرچدانەوەی ئەو هەڵمەتە بوو،[١٠١] بەهێزی بەگریی سوپاکەی صەلاحەدین هێزی خاچی

٩٧- الإعتبار، مكتبة الثقافة المصرية، القاهرة، ص ١٠٦، ٢٠٢.

٩٨ - ابن واصل: م.س، ج٣/ ص ٢٣٦.

٩٩ - فتحي سالم اللهيبي: مملكة ارمينيا الصغرى، ص ١١٣.

١٠٠ -ابن شداد: م.س، ص ٨١-٨٢.

١٠١ - محمد سهيل طقوش: تاريخ الحروب الصليبية، ط1، بيروت، دار النفائس، ٢٠١١م، ص ٤٠٧-٤١٠.

و بیزەنتی ناچار کرد چاوەڕوانی گەیشتنی هێزی دیکەی پشتیوانی بیزەنتی بن، بەڵام نەگەیشتنی هێزی پشتیوانی ناچاری کردن پاشەکشە بکەن،[١٠٢] ئەمە وێڕای تێکشکانی کەشتیگەلی بیزەنتییەکان لە کەناراوی دمیات و نەمانی خۆراك و پێداویستی و هێرشی بەهێزی سوپای صەلاحەدین بۆ سەر هێزی بیزەنتی، وایلێهات خاچ دروشمەکان لەبری سوودوەرگرتن لە هێزی بیزەنتی، سەرقاڵ بووبوون بە بەرپەرچدانەوەی هێرشی قورسی موسڵمانان بۆ سەر هێزی بیزەنتی و پاراستنی کەشتیگەلی هێزە هاوئاییینەکەیان.[١٠٣]

صەلاحەدینی ئەییووبی لە نامەیەکیدا کە بۆ خەلیفەی عەبباسی ناردووە، ئاماژە دەدات بە سیاسەتی بیزەنتییەکان بەرامبەریان (سەبارەت بەو دوژمنانەی لەدژمان دەجەنگن، لەوانە بەرپرسی قوستەنتینیەیە کە سەرکەشی گەورە و جالووتی بێباوەڕە، چەند جەنگێکی دەریاییمان لەگەڵیدا ئەنجامداوە، لە میصر دەرنەچووین هەتا لە یك جومعەدا دوو جار دوو نامەی ئەومان بەدەست گەیشت، تیایدا باڵی ئاشتی واڵاکردووەو لە دومنایەتییەوە بۆ ئاگربەست و لە شکاندن و ئابڕووبەرییەوە رووەو ئامۆژگاری هەنگاوی ناوە تا ئاستێك ئاگاداری پێداین لە بەرپرسی صقلیە و کەشتیگەلەکەی..).[١٠٤]

**- قۆناغی دووەم: پەیوەندییەکانی ئەییووبی و بیزەنتییەکان لە دوای ساڵی (٥٧٧ك/ ١١٨١ز):**

لەم قۆناغەدا سیاسەتی بیزەنتییەکان لە ئاست ئەییووبییەکاندا گۆڕا، ئیدی بیزەنتە لەبری پشتیوانی نەیارانی ئەییووبی، پشتی کردە ئەو هێزانە و بناغەی دۆستایەتی لەگەڵ ئەییووبییەکاندا دامەزراند، زۆربوونی فشارە دارایی و سەربازییەکان و سەرقاڵبوونی بیزەنتە بە جەنگی سەلجووقییەکان و یەکنەگرتنەوەی ئامانجی بیزەنتە و هێزە خاچ دروشمەکان و چەند هۆکارێکی دی پاڵنەر بوون بۆ گرتنەبەری سیاسەتی نوێ.[١٠٥]

لە ساڵی (٥٧٧ك/ ١١٨١ز) دا ئیمپراتۆری بیزەنتی نێردراوێکی نارد بۆ لای صەلاحەدینی ئەییووبی بە مەبەستی بەستنی ڕێککەوتنێك لەنێوان هەردوولادا، بۆ نیشاندانی نیازپاکی و جێبەجێکردنەکەیشی سەد و هەشتا دیلی موسڵمانانی ئازاد کرد.[١٠٦]

لە ساڵی (٥٨١ك/ ١١٨٥ز) دا پاش ئەوەی ئەندرۆنیقۆسی بیزەنتی لەلایەن نۆرمانەکانەوە گەمارۆ درا، ناچار پەنای بردە بەر صەلاحەدینی ئەییووبی و داوای ڕێککەوتنی لێکرد لەسەر ئەم خاڵانە:

صەلاحەدین هەواداری خۆی بۆ ئەندرنیقۆس نیشان بدات بەو پێیەی ئەو ئیمپراتۆرە.

هەردوولا لە جەنگی شانشینی بەیتولمەقدیسی خاچپیدا هاوکاری یەکدی بن، ئەگەر ناوچەکەیان

---

١٠٢ - زبيدة محمد عطا: م.س، ص ٦٥.

١٠٣ - محمد سهيل طقوش: تاريخ الحروب الصليبية، ص ٤١١-٤١٢.

١٠٤ - أبوشامة: م.س، ج٢/ ص ٣٦٣.

١٠٥ -طقوش: تاريخ الأيوبيين، ص ١٠١-١٠٢.

١٠٦ - المقريزي: السلوك لمعرفة دول الملوك، تحقيق: محمد عبد القادر عطا، ط١، بيروت، دار الكتب العلمية، ١٩٩٧م، ج١/ ص ١٨٥.

گرت بەیتولمەقدیس و ناوچە کەناراوییەکان بۆ بیزەنتییەکان بن جگە لە عەسقەلان.

ئەندرۆنیقۆس هاوکاری صەلاحەدین بێت لە جەنگی دژ بە خاچ دروشمەکانی شامدا.

بەڵام پێش ئەوەی صەلاحەدین وەڵامی پێشنیارەکەی بداتەوە، ئەندرۆنیقۆس لەسەر کورسی دەسەڵات لابرا، هەرچەندە ئەگەر ئەوەش نەبوایە پێنەدەچوو صەلاحەدین رازی بێت بەو پێشنیارە، چونکە ئەییووبییەکان لە ترۆپکی هێز و بیزەنتییەکانیش لە لاوازی و پشێویدا بوون.[١٠٧]

پاش فەتحی قودس لەلایەن صەلاحەدینەوە، نێردراوی بیزەنتییەکان لە قوستەنتینیەوە گەیشتنە لای صەدلاحەدین، لەوێ رێزێکی زۆریان لێگیرا، نامەیەکیان پێ بوو کە چەند داواکارییەکی لەخۆگرتبوو:

خاچی صەلەبووت بدرێت بە بیزەنتییەکان.

سەرجەم کڵێساکانی قودس بخرێنە ژێر سەرپەرشتی بیزەنتییەکان.

هاوپەیمانییەك ببەستن کە دۆستایەتی دۆستی یەکدی و دوژمنایەتی دوژمنی یەکدی بکەن.

بەڵام صەلاحەدین بە پێشنیارەکان رازی نەبوو.[١٠٨]

پێش هەڵمەتی سێیەمی خاچ دروشمەکان، پەیوەندی نێوان ئەییووبی و بیزەنتییەکان گەیشتە ئاستێکی بەرز، ئەم پەیوەندی و رێککەوتنەش لەلایەن جیهانی رۆژئاوای مەسیحییەوە بە بەزاندنی سنووری ئایینی هەژمار کرا.[١٠٩]

سەرکەوتنی صەلاحەدین بەسەر خاچ دروشمەکاندا، ناردنی وەفدێکی ئەییووبی بەدوادا هات بۆ قوستەنتینیە کە هەواڵی ئەو سەرکەوتنانەیان گەیاندە ئەوێ و برێك دیاری صەلاحەدینیان پێ بوو بۆ ئیمپراتۆری بیزەنتی، لە وەڵامی ئەمەدا لە (زیلقەعیدەی ساڵی ٥٨٣ك/کانوونی دووەمی ساڵی ١١٨٨ز) دا دوو نێردراوی بیزەنتی گەیشتنە لای صەلاحەدین، لە نامەیەکیدا ئیمپراتۆر ستایشی صەلاحەدینی کردبوو لەسەر رزگارکردنی براکەی، هاوکات هەواڵی ئامادەکاری خاچ دروشمەکانی سەبارەت بە هێرشبردنە سەر شام بۆ باسکردبوو، بۆیە ئەویش نێردراوێکی ناردەوە بۆ قوستەنتینیە هەتا لەگەڵ ئیمپراتۆردا هەماهەنگییەك دروست بکەن سەبارەت بە رێگرتن لەو شاڵاوە خاچییەی جیهانی رۆژئاوا کە مەترسی بوو بۆ سەر هەردوو دەسەڵاتەکە، ئەمە لە کاتێکدا فریدریك بربروسای سەرکردەی خاچی نێو هەڵمەتی سێیەمی خاچ دروشمەکان نامەی بۆ ئیمپراتۆری بیزەنتی ناردبوو و داوای هەماهەنگی و هاوکاری لێدەکرد لە هەڵمەتەکەیاندا بۆ سەر جیهانی ئیسلامی. [١١٠]

کاتێك پادشای ئەڵمانیا بۆ هێرشبردنە سەر صەلاحەدینی ئەییووبی بە خاکی قوستەنتینیەدا هات، ئیمپراتۆری بیزەنتی نەیتوانی رێی لێبگرێت، بەڵام پێی ناخۆش بوو،[١١١] هەرچەندە لە سەرەتادا هێزی بیزەنتی و ئەڵمانی بەریەککەوتنیان هەبوو، بەڵام دواتر ئیمپراتۆری بیزەنتی کە زانی دەرەقەت نایەت، لەپێناو پاراستنی دەسەڵاتەکەی جۆرێك لە هەماهەنگی لەگەڵ ئەڵمانەکاندا دامەزراند، ئەویش

١٠٧ - محمد سهيل طقوش: تاريخ الأيوبيين، ص ١٠٥-١٠٦.

١٠٨ -ابن شداد: م.س، ص ٣١١.

١٠٩ - زبيدة محمد عطا: م.س، ص ٨٥.

١١٠ - محمد سهيل طقوش: تأريخ الأيوبيين، ص ١٠٧-١٠٨.

١١١ - ابن الأثير: م.س، ج١٠/ ص ٨١.

بەوەی ڕێیان لێ نەگرێت بە خاکیدا بپەڕنەوە رووەو شام.[112]

هاوکات خێرا هەواڵی بۆ صەلاحەدینی ئەییووبی نارد،[113] تیایدا ئاماژەی بە هەندێ خاڵ دا کە بەرزکردنەوەی لایەنی دەروونی صەڵاحەدین و موسڵمانانی لەخۆدەگرت، لەوانە:

ئەو هێزە بڕستیان لێ بڕاوەو شەتەك کەوتون.

سامان و سوار و سەربازێکی زۆریان لەدەستداوە.

لە خاکی مندا گورزی سەختیان بەرکەوتووەو لاواز کەوتون.

پێناچێت بگەنە خاکی تۆ، ئەگەریش بگەن وزەیەکیان پێ نەماوە.

بەرهەمی خۆشەویستی نێوانمان بۆ دەسەڵاتی من دوژمنایەتی فرەنجەکان -خاچ دروشمەکانە-.

سوڵتان کە ئەو نامەی خوێندەوە، ڕێزێکی زۆری نێردراوەکەی گرت.[114]

یەکێك لەو شایەتیانەی پشتڕاستی ئەو حاڵەتە ناچارییەی ئیمپراتۆری بیزەنتییان دەکردەوە، نامەکەی کایفکاوسی ئەرمەنی بوو کە بۆ صەڵاحەدینی نارد و تیایدا سەبارەت بە پادشای ئەڵمان هاتبوو (پادشای رۆمی دەرکرد تا ئەو کاتەی گوێڕایەڵی بۆ نواند، ئینجا کوڕەکەی و براکەی و چل کەسی نزیکی -پادشای- بە بارمتە گرت و پەنجا قینتار زێڕ و پەنجا قینتار زیو و بڕێکی زۆر جلی ئەتڵەسی لێسەند و دەستیگرت بەسەر کەشتیگەلەکەیدا...[115]

هەرچەندە صەلاحەدینی ئەییووبی لەسەر بنەمای دۆستایەتی لەگەڵ بیزەنتییەکاندا مامەڵەی دەکرد، بەڵام خوێندنەوەی خۆی و نزیکەکانی بۆ سیاسەتی بیزەنتییەکان لە دوو نامەدا بە روونی دەردەکەوێت:

١- (پادشای رۆم ترسی لە فرەنجەکان هەیە بۆ سەر وڵاتەکەی و دەیەوێت بەرگری لە خۆی بکات، ئەگەر ئەوە سەربگرێت بۆی، بانگەشەی ئەوە دەکات لەبەر ئێمە ئەوەی کردووە، ئەگەریش سەری نەگرت بانگەشەی ئەوە دەکات توانای نەشکاوە بەسەر ویستی خۆی و ویستی ئێمەدا).[116]

٢- (بەخوا هەرگیز پادشای رۆم سەرکەوتوو نەبووە، نە دۆستایەتیەکەی سودی هەیە و نە دوژمنایەتیەکەشی زیانی هەیە).[117]

دوابەدوای مردنی صەلاحەدینی ئەییووبی، ئیمپراتۆری بیزەنتی هەوڵیدا سیاسەتی خۆی بگۆڕێت و لەگەڵ جەنەوا و بیزا و نۆرمانەکانی صقلیە هاوپەیمانی ببەستێت.[118]

لە سەردەمی مەلیك عەزیزدا ئیمپراتۆری نوێی بیزەنتی (ئەلیکسۆسی سێیەم (١١٩٥-١٢٠٣ز/٥٩٢-

١١٢ - محمد سهيل طقوش: تأريخ الأيوبيين، ص ١١٠.

١١٣ - ابن الأثير: م.س، ج١٠/ ص ٨١.

١١٤ - ابن شداد: م.س، ص ٢٠٣-٢٠٤.

١١٥ - ن.م، ص ١٩١-١٩٢.

١١٦ - أبوشامة: م.س، ج٤/ ص ٢٢٠.

١١٧ - ن.م، ج٤/ ص ٢٢١.

١١٨ - محمد سهيل طقوش: تأريخ الأيوبيين، ص ١١٢.

٦٠٠ك) نامەیەکی بۆ نووسی و تیایدا هەواڵی پێدا کە بووە بە سەرگەورەی بیزەنتییەکان.[119]

لەوە بە دوا بەهۆی هاتنی هەڵمەتی چوارەمی خاچ دروشمەکان و گۆڕینی ئاڕاستەی هەڵمەتەکە بەرەو قوستەنتینیە، ئیمپراتۆریەتی بیزەنتی لەبەردەم هێزی خاچ دروشمەکاندا تێکشکا و لە ساڵی (٦٠١ك/ ١٢٠٤ز) دا پایتەختەکەی گیرا[120] و بۆ ماوەی زیاد لە نیو سەدە ئیمپراتۆریەتی بیزەنتی لەلایەن خاچ دروشمەکانەوە فەرمانڕەوایی دەکرا و هەتا کۆتایی سەردەمی ئەییووبییەکانیش ئەو حاڵەتە درێژەی کێشا.[121]

باس لەوە دەکرێت گۆڕینی ئاڕاستەی هەڵمەتی چوارەمی خاچ دروشمەکان پەیوەندیی ناڕاستەوخۆی بە سیاسەتی مەلیك عادلەوە هەبووە، چونکە لە ساڵی (٥٩٩ك/١٢٠٢ز) دا لەگەڵ بوندوقییەکاندا رێککەوتنێکی بەست کە بەو پێیە ئەوان دەستبار نەبن بۆ هیچ هێرشێکی خاچی بۆ سەر ئەییووبییەکان، لە بەرامبەر ئەوەدا بڕێك دەستکەوتی بازرگانییان پێ درا، ئەوانیش لە هاتنی هەڵمەتی چوارەمدا توانییان قەناعەت بە سەرکردەی هەڵمەتەکە بهێنن ئاڕاستەی هێرشەکە لە ئەییووبییەکانەوە بەرەو لای بیزەنتییەکان بگۆڕێت.[122]

**دووەم: پەیوەندیی دۆستانەی نێوان ئەییووبی و بیزەنتییەکان:**

بە شێوەیەکی گشتی پەیوەندیی نێوان ئەییووبییەکان و بیزەنتییەکان پەیوەندییەکی دۆستانە و یەکترقبووڵکردن بوو، ئەمەش دوو هۆکاری سەرەکی هەبوو:

١- نزیکیی و هاوسنووریيان بۆ ماوەیەکی زۆر، چونکە جیهانی ئیسلامی و جیهانی بیزەنتی ماوەیەکی زۆر بەریەککەوتنیان هەبوو، ئەمەش جۆرێك لە لێکتێگەیشتنی بۆ دروست کردبوون،[123] وەك چۆن سەرەتای هاتنی خاچ دروشمەکان بەریەککەوتنەکان لەگەڵ ئەییووبییەکاندا زۆر سەخت بوون،[124] بەڵام دواتر پەیوەندی دۆستانە و ئاڵوگۆڕی بازرگانی و تەنانەت هاتوچۆی گەشتیاری و پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەنێوانیاندا دروست بوو.[125]

٢- هەبوونی دوژمنێکی هاوبەش کە هێزە خاچ دروشمەکان بوون و مەترسی بوون بۆ سەر دەسەڵات و خاکی هەریەك لە ئەییووبییەکان و بیزەنتییەکانیش، ئەمە وایدەخواست هەردوولا یەکدەست بن بۆ بەرنگاربوونەوەی دوژمنی هاوبەشیان، ئەگەر ئەوەش نەکرا، هیچ نەبێت نەبنە

١١٩ - المقريزي: م.س، ج١/ ص ٢٤١.

١٢٠ - رنيه گروسيه: موجز تاريخ الحروب الصليبية، ترجمة: أحمد إيبش، ط١، أبوظبي، دار الكتب الوطنية، ٢٠١٤م، ص ١١٥-١١٦.

١٢١ - محمد سهيل طقوش: تاريخ الحروب الصليبية، ص ٥٦١.

١٢٢ - رنسيمان، ج٣/ ص ١٥٦-١٥٧.

١٢٣ - زبيدة محمد عطا: م.س، ص ١٥٠.

١٢٤ - ابن شداد: م.س، ص ٢٦٢.

١٢٥ - ابن جبير: رحلة ابن جبير، ط١، بيروت، دار بيروت، ص ٢٧٣.

پشتیوانی دوژمنی هاوبەشیان دژ بە هێزی بەرامبەر.[١٢٦]
بە شێوەیەکی گشتی پەیوەندییە دۆستانەکانی نێوان ئەییووبی و بیزەنتییەکان بریتی بوون لە:

**- نامە و نامەگۆڕینەوە:**

ئیبن شداد سەبارەت بە ڕووداوەکانی ساڵی (٥٨٣ك/ ١١٨٧ز) دەڵێت (لەنێوان سوڵتان- صەلاحەدین- و پادشای قوستەنتینیەدا نامەو نامەگۆڕینەوە هەبوو).[١٢٧]
ئەم حاڵەتی ئاڵوگۆڕی نامەیە لە دوای صەلاحەدینشیەوە بەردەوام بوو، وەك دەبینین (ئەلیکسۆسی سێیەم (١١٩٥-١٢٠٣ز/٥٩٢-٦٠٠ك) نامەیەکی بۆ مەلیك عەزیزی ئەییووبی نووسی و تیایدا هەواڵی وەرگرتنی پۆستی ئیمپراتۆریەتی پێ دابوو لەگەڵ چەند پرسێکی دیکەی پەیوەست بە موسڵمانانی ژێر دەسەڵاتەکەی.[١٢٨]

**- ناردنی وەفد و دیاریی:**

لە ساڵی (٥٨٨ك/ ١١٩٢ز) دا وەفدی بیزەنتی گەیشتە لای صەلاحەدین و داوای بەجێگەیاندنی بەندەکانی ڕێککەوتنێکی پێشوویان دەکرد، هەرچەندە صەلاحەدین بەوە ڕازی نەبوو، بەڵام ڕێزێکی زۆری نێردراوەکانی گرت[١٢٩] و کۆمەڵێك دیاری تایبەتی بۆ ئیمپراتۆری بیزەنتی نارد، لەنێویاندا ژمارەیەك ئەسپ و هێستر و ئاژەڵی کێوی و ئاژەڵیماڵیکراو و بەردی گرانبەها و عەنبەر و چەندین شتی تر، هاودەم بە نێردراوێکی خۆی و نێردراوی ئیمپراتۆری بیزەنتی لە ڕێی دەریاوە گەڕانەوە، بەڵام لەنێو دەریادا لەلایەن چەتەکانەوە هێرشیان کرایە سەر و دەستگیرا بەسەر شمەکەکانیاندا و هەردوو نوێنەرەکەیش لەناوبران.[١٣٠]

**- لێبوردەیی ئایینی:**

هەریەك لە ئەییووبی و بیزەنتییەکان لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتیاندا ڕەچاوی ئایینی ئەوی دیان دەکرد و لێبوردەییەکی بەرفراوانیان نیشان دەدا، لای بیزەنتییەکان مزگەوتەکانی قوستەنتینیە گرنگییان پێدەدرا، تەنانەت گۆڕی کەسایەتییە موسڵمانەکانیش ئەو گرنگییەیان پێ دەدرا، لەلای ئەییووبییەکانیشەوە گرنگی بە کڵێسا ئەرسەدۆکسییەکان دەدرا، بەڵکو کەسایەتییە مەسیحییەکان لە پۆستە کارگێڕییەکانی دەوڵەتی ئەییووبیدا ڕۆڵیان پێ درابوو.[١٣١]

---

١٢٦ - محمد سهيل طقوش: تأريخ الأيوبيين، ص ١١٢-١١٣.
١٢٧ - ابن شداد: م.س، ص ٢٠٢.
١٢٨ - المقريزي: م.س، ج١/ ص ٢٤١.
١٢٩ - محمد سهيل طقوش: تأريخ الأيوبيين، ص ١١١
١٣٠ - ف.هايد: تاريخ التجارة في الشرق الأدنى في العصور الوسطى، ترجمة: احمد محمد رضا، الهيئة المصرية العامة للكتاب، ١٩٨٥م، ص ٢٤١-٢٤٢.
١٣١ - زبيدة محمد عطا: م.س، ص١٤٩-١٥٠.

له سالّی (٥٨٦ك/ ١١٩٠ز) دا ئیمپراتۆری بیزەنتی نامەیەکی نارد بۆ صەلاحەدینی ئەییووبی و تیایدا پۆزشی ئەوەی هێنایەوە کە هاتنی سوپای ئەڵمانەکان بە خاکی ئەودا بۆ هێرش بردنە سەر ئەییووبییەکان بە ویستی خۆی نەبووە، بەڵکو ئەو نەیتوانیوە بەر بەو هێزە شاڵاوهێنە رۆژئاواییە بگرێت، هاوکات موژدەی سەرکەوتنی بە صەلاحەدینی ئەییووبی دا و نزای کرد خوا ئەو هێزە مەسیحیە لەناوبەرێت، هاوکات لە یەکێك لە پەیامەکانیدا بەڵێنی ئەوەی دا لەنێو قوستەنتینیەدا مۆڵەت بدات وتاری رۆژی هەینی بدرێت، سەڵاحەدینیش نێرداوی خۆی و وتاربێژێك و مینبەرێکی نارد بۆ ئەوێ، ئیدی لەنێو پایتەختی بیزەنتییەکاندا وتاری هەینی درا و موسڵمانانی ئەوێ و بازرگان و گەشتیارە موسڵمانەکان بەشداری ئەو هەینیە بوون.[١٣٢]

لە سەردەمی مەلیك عەزیزدا ئیمپراتۆری نوێی بیزەنتی (ئەلیکسۆسی سێیەم (١١٩٥-١٢٠٣ز/٥٩٢-٦٠٠ك) نامەیەکی بۆ نووسی و تیایدا باسی ئەوەی کردبوو کە هەنگاوی خەمخۆرانەی بەرامبەر بە موسڵمانانی ئەوێ گرتۆتەبەر و مۆڵەتی داون وتاری هەینی بدەن و بەشێکی مزگەوتەکەی قوستەنتینیەی نۆژەن کردۆتەوە، هەروەها داوای کرد مەسیحیەکانی ژێر دەسەڵاتی ئەییووبییەکان زیاتر دەستواڵا بکرێن.[١٣٣]

**- پەیوەندی ئابووریی:**

ئەییووبییەکان پەیوەندیی ئابووریيان لەگەڵ بیزەنتییەکاندا هەبوو، تەنانەت لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیاندا مامەڵە دەکرا بە دیناری بیزەنتییەوە، بەڵکو پێوانەی بیزەنتیش گرنگیی پێدەدرا بە تایبەت لە میصر و شام،[١٣٤] هاوکات ژمارەیەکی بەرچاوی موسڵمانانی ژێر دەسەڵاتی ئەییووبییەکانیش سەردانی ناوچەکانی ئیمپراتۆریەتی بیزەنتییان دەکرد، وەك دەبینین بەشێك لە بەشداربوانی یەکەم هەینی ناو مزگەوتی قوستەنتینیە بریتی بوون لە بازرگانە موسڵمانەکان،[١٣٥] ئەوان لەوێ وێڕای ئەوەی بازاڕی تایبەت بە خۆیان هەبوو، تەنانەت شوێنی مانەوەو حەوانەوەشیان بە جیا بۆ دەستەبەرکرابوو.[١٣٦]

هەریەك لە قوستەنتینیە و ئەسکەندەرییە دوو ناوەندی گەورەی بازرگانی بوون کە پەیوەندی بازرگانی نێوانیان لە سەردەمی ئەییووبییەکاندا لە ئاستێکی بەرزدا بوو و گەریدەکانیش لە گەشتنامەکانیاندا ئاماژەیان بەو حاڵەتە داوە.[١٣٧]

١٣٢ - ابن كثير: م.س، ج١٦/ ص ٦١٦.
١٣٣ - المقريزي: م.س، ج١/ ص ٢٤١.
١٣٤ - زبيدة محمد عطا: م.س، ص ١٦٢، ١٦٨.
١٣٥ - ابن كثير: م.س، ج١٦/ ص ٦١٦.
١٣٦ - زبيدة محمد عطا: م.س، ص ١٦٢.
١٣٧ - ن.م، ص ١٦٦.

## دەرئەنجامەکان

- ئەییووبییەکان بنەماڵەیەکی کوردی دەسەڵاتداری سەردەمی عەبباسییەکان بوون و ماوەیەك جڵەوی بەشێکی زۆری جیهانی ئیسلامییان لەدەستدابوو، لەنێویشیدا پەیوەندییە دەرەکییەکان.
- هەردوو شانشینی جۆرجیا و ئەرمینیای بچووك دوو شانشینی بچووکی مەسیحی بوون لە پەنا بوونی دوو هێزی گەورەی مەسیحی بیزەنتیەکان و خاچ دروشمەکاندا بوونی خۆیان دەسەلماند.
- پەیوەندییەکانی نێوان ئەییووبییەکان و شانشینی جۆرجیا لە سەرەتاوە جۆرێك لە ڕەچاوکردنی دوولایەنەی بەخۆوە دەدی و لەو نێوەندەدا پەیوەندییەکان لە ئاڵوگۆڕی وەفد و ناردنی دیاری و خەڵاتەوە هەتا ئاستی پەیوەندی کۆمەڵایەتی نێوان هەردوولا هەنگاویان نا، بەڵام دواتر بەهۆی کاریگەری هێزە کاراکانی ناوچەکە پەیوەندییەکانی نێوانیان بەرەو ئاڵۆزی و بەریەککەوتن چوو.
- پەیوەندی نێوان ئەییووبییەکان و شانشینی ئەرمینیای بچووك پەیوەندییەکی ناتەبا بوو، بەشێکی زۆریشی پەیوەست بوو بە پێگەی جوگرافی هەردوو دەسەڵاتەکە کە زۆر لێك نزیك بوون وێڕای جیاوازی ئایینی لە بارودۆخێکدا کە هێزە گەورەکانی سەر بەو دوو ئایینە جیاوازە لەو ناوچەدا لە بەرنگاربوونەوەیەکی سەختدا بوون، بۆیە شانشینی ئەرمینیا نەیتوانی خۆی دابڕێت لە ململانێی نێوان خاچییە هاوئایینەکانی لەگەڵ ئەییووبییە موسڵمانەکاندا، ئەگەرچی هەندێ جار هەوڵیدەدا بەشێك نەبێت لەو ململانێیە و بێلایەنی خۆی دەپاراست، جاری وایش هەبوو دەستی دەبرد بۆ بەستنی هاوپەیمانیی لەگەڵ ئەییووبییەکاندا.
- پەیوەندی نێوان ئەییووبییەکان و ئیمپراتۆریەتی بیزەنتی زۆربەی کات پەیوەندییەکی دۆستانە بوو و ئاڵوگۆڕی وەفد و دیاری و پیرۆزبایی نێوانیان بەرچاو بوو، ئەمەش بەهۆی بوونی نەیارێکی هاوبەشی هەردوولاوە کە خاچ دروشمەکان بوون، بەڵام هەندێ جار لەژێر فشاری خاچ دروشمەکاندا بە ناچاری بیزەنتییەکان دەخزێنرانە نێو ململانێی دژ بە ئەییووبییەکانەوە.

## سەرچاوە و مەراجیعەکان:

**سەرچاوەکان:**

ابن الأثير: أبوالحسن علي بن أبي الكرم محمد بن محمد الشيباني الجزري: (ت: ٦٣٠ هـ)
١. الكامل في التأريخ، تحقيق: عمر عبدالسلام تدمري، ط١، بيروت، دار الكتاب العربي، ١٩٩٧م.
ابن الساعي: علي بن أنجب: (ت:٦٧٤هـ)
٢. الجامع المختصر في عنوان التواريخ و عيون السير، المطبعة السريانية الكاثوليكية في بغداد، ١٩٣٤م.
ابن الفرات: ناصر الدين محمد بن عبد الرحيم: (ت: ٨٠٧هـ)
٣. تاريخ ابن الفرات، دار الطباعة الحديثة، بصرة.
ابن تغري بردي: أبوالحاسن يوسف بن تغري بردي (ت: ٨٧٤ هـ)
٤. النجوم الزاهرة في ملوك مصر والقاهرة، دار الكتب، مصر.
ابن جبير: محمد بن أحمد بن جبير (ت: ٦١٤هـ)
٥. رحلة ابن جبير، ط١، بيروت، دار بيروت.
ابن خلدون: عبد الرحمن بن محمد بن محمد: (ت:٨٠٨هـ)
٦. ديوان المبتدأ والخبر في تاريخ العرب والبربر، تحقيق: خليل شحادة، ط٢، بيروت، دار الفكر، ١٩٨٨م.
ابن خلكان: أبوالعباس شمس الدين أحمد بن محمد (ت: ٦٨١ هـ)
٧. وفيات الأعيان و أنباء أبناء الزمان، تحقيق: إحسان عباس، بيروت، دار صادر.
ابن شداد: يوسف بن رافع بن تميم (ت: ٦٣٢ هـ)
٨. النوادر السلطانية والمحاسن اليوسفية، تحقيق: د. جمال الدين الشيال، ط٢، القاهرة، مكتبة الخانجي، ١٩٩٤م.
ابن عساكر: أبو القاسم علي بن الحسن (ت: هـ٥٧١ هـ)
٩. تأريخ مدينة دمشق، تحقيق: عمرو بن غرامة، دار الفكر، ١٩٩٥م.
ابن العماد الحنبلي: عبد الحي بن أحمد بن محمد (ت: ١٠٨٩ هـ)
١٠. شذرات الذهب في أخبار من ذهب، تح: محمود الأرناؤوط، ط١، بيروت، دار ابن كثير، ١٩٨٦م.
ابن كثير: أبوالفداء إسماعيل بن عمر بن كثير القرشي: (ت: هـ ٧٧٤)
١١. البداية والنهاية، تحقيق: عبد الله بن عبد المحسن التركي، ط١، دار هجر، ١٩٩٧م.
ابن منقذ: أبو المظفر مؤيد الدولة مجد الدين أسامة بن مرشد: (ت: ٥٨٤هـ)
١٢. الإعتبار، مكتبة الثقافة المصرية، القاهرة.
ابن واصل: محمد بن سالم بن نصر الله (ت: ٦٩٧هـ)
١٣. مفرج الكروب في أخبار بني أيوب، القاهرة، المطبعة الأميرية، ١٩٥٧ م.

أبوشامة: شهاب الدين عبدالرحمن بن إسماعيل (ت: ٦٦٥هـ)
١٤. الروضتين في أخبار الدولتين النورية و الصلاحية، تحقيق: إبراهيم الزيبق، ط١، بيروت، مؤسسة الرسالة،
البلاذري: أحمد بن يحيى بن جابر (ت:٢٧٩هـ)
١٥. فتوح البلدان، بيروت، دار ومكتبة الهلال، ١٩٨٨م.
البنداري: الفتح بن علي بن محمد: (ت:٦٤٣هـ)
١٦. مختصر سنا البرق الشامي، مكتبة الخانجي، ١٩٧٩م.
الحموي: ياقوت به عبدالله الرومي (ت: ٦٢٦ هـ)
١٧. معجم البلدان، ط١، دار صادر، (بيروت – ١٩٩٥م).
الذهبي: محمد بن أحمد بن عثمان بن قايماز: (ت: ٧٤٨ هـ)
١٨. تأريخ الإسلام، تحقيق: عمر عبدالسلام تدمري، ط٢، بيروت، دار الكتاب العربي، ١٩٩٣م.
١٩. سير أعلام النبلاء، ط١، القاهرة، دار الحديث، ٢٠٠٦م.
الطبري: محمد بن جرير بن يزيد: (ت: ٣١٠ هـ)
٢٠. تأريخ الأمم و الملوك، ط٢، بيروت، دار التراث، ١٣٨٧ هـ
القزويني: زكريا بن محمد بن محمود: (ت: ٦٨٢هـ)
٢١. آثار البلاد و أخبار العباد، دار صادر، بيروت.
القلقشندي: أبو العباس أحمد بن علي: (ت:٨٢١هـ)
٢٢. قلائد الجمان في التعريف بقبائل عرب الزمان، دار الكتاب المصري، ط٢، ١٩٨٢م.
كاتب مراكشي: (قبل ٦هـ)
٢٣. الإستبصار في عجائب الأمصار، بغداد، دار الشؤون الثقافية، ١٩٨٦م.
المقريزي: أحمد بن علي بن عبد القادر(ت: ٨٤٥هـ)
٢٤. السلوك لمعرفة دول الملوك، تحقيق: محمد عبد القادر عطا، ط١، بيروت، دار الكتب العلمية، ١٩٩٧م.
النويري: أحمد بن عبد الوهاب بن محمد: (ت:٧٣٣هـ)
٢٥. نهاية الإرب في فنون الأدب، ط١، القاهرة، دار الكتب والوثائق القومية، ١٤٢٣هـ
اليعقوبي: أحمد بن إسحاق (ت: ٢٩٢هـ)
٢٦. البلدان، ط١، بيروت، دار الكتب العلمية ١٤٢٢هـ
يعقوب الڤيترى: (ت:١٢٤٠م)
٢٧. تاريخ بيت المقدس، ترجمه: سعيد البيشاوي، ط١، عمان، دار الشروق، ١٩٩٨م.

**مەراجیعەکان:**

باشا: يوسف عزت:
٢٨. تاريخ القوقاز، ت: عبدالحميد غالب بك، القاهرة، مطبعة عيسى البابي الحلبي و شركاؤه، ١٩٣٣م.

سميل: ر.سى.:
٢٩. الحروب الصليبيه، ترجمة: سامي هاشم، ط١، بيروت، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، ١٩٨٢م.
ريتشارد سوذرن:
٣٠. صورة الإسلام في أوروبا في القرون الوسطى، تر: رضوان السيد، ط٢، دار المدار الاسلامي، ٢٠٠٦م.
طقوش: محمد سهيل:
٣١. تاريخ الأكراد، ط١، بيروت، دار النفائس، ٢٠١٥م.
٣٢. تاريخ الحروب الصليبية، ط1، بيروت، دار النفائس، ٢٠١١م.
٣٣. تأريخ الأيوبيين، ط١، بيروت، دار النفائس، ٢٠٠٨م.
عزيز سوريال عطية:
٣٤. تاريخ المسيحية الشرقية، تر: اسحاق عبيد، ط١، القاهرة، المجلس الأعلى للثقافة، ٢٠٠٥م.
عاشور: سعيد عبدالفتاح:
٣٥. تاريخ العلاقات بين الشرق والغرب في العصور الوسطى، ط٢، دار النهضة العربية (بيروت - ٢٠٠٣م)
عطا: زبيدة محمد:
٣٦. الشرق الإسلامي و الدولة البيزنطية زمن الأيوبيين، ط٢، القاهرة، دار الأمين، ١٩٩٤م.
عوض: محمد مؤنس:
٣٧. الإمبراطورية البيزنطية، ط١، عين للدراسات، ٢٠٠٧م.
ف.هايد:
٣٨. تاريخ التجارة في الشرق الأدنى في العصور الوسطى، ترجمة: احمد محمد رضا، الهيئة المصرية العامة للكتاب، ١٩٨٥م.
قاسم: عبده قاسم و علي السيد علي:
٣٩. الأيوبيون والمماليك، عين للدراسات.
قداوي: زياد علاءالدين محمود:
٤٠. الأوضاع السياسية في بلاد القفقاس في القرنين ٦-٧هـ ط١، عمان، دار غيداء، ٢٠٢٠م.
گروسيه: رنيه:
٤١. موجز تاريخ الحروب الصليبية، ترجمة: أحمد إيبش، ط١، أبوظبي، دار الكتب الوطنية، ٢٠١٤م.
اللهيبي: فتحي سالم حميدى:
٤٢. دراسات في علاقة الأرمن والكرج بالقوى الإسلامية في العصر العباسى، ط١، بيروت، دار الكتب العلمية، ٢٠١٣م.
٤٣. مملكة ارمينيا الصغرى، ط١، عمان، دار غيداء، ٢٠١٩م.

٤٤. مملكة جورجيا في العصور الوسطى، ط١، عمان، دار غيداء، ٢٠١٥م.
الناصري: سيد أحمد:
٤٥. تاريخ الإمبراطورية الرومانية السياسى و الحضاري، ط٢، القاهرة، دار النهضة العربية، ١٩٩١م.
ورث: أ.ب. تشارلز:
٤٦. الإمبراطورية الرومانية، ترجمة: رمزى عبده و محمد صقر خفاجة، الهيئة المصرية العالمية للكتاب، ١٩٩٩م.

**نامە زانستییەکان:**

محمد زرقوق:
٤٧. مملكة أرمينيا الصغرى بين المغول والمماليك، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة الجزائر٢، كلية العلوم الإنسانية والإجتماعية، قسم التاريخ، ٢٠١٢م.

**سەرچاوە کوردییەکان:**

٤٨. عطا عبدالرحمن محي الدين: ئەسەدەدین شێرکۆ، چاپی یەکەم، سلێمانی، ناوەندی ڕۆشنبیر، ٢٠٠٣ز.